گۆڤارێکی
بواری پەروەردەو
گەشەپێدانی
مرۆیی گشتییە

15
تەمووز
2014


# براو

## چۆن خێزانەکەت بەسەرکەوتویی بەڕێوە ئەبەیت ؟

## کتێب خوێندنەوەو گەشەی منداڵان

## مانای زانستیانەی خەت کێشان

## خێرا بڕیار مەدە!



## پێویستە فەرمانبەری موسڵمان چۆن بێت

## بوجەی خێزانی پرسێکی لەبیرکراو


Braw
Magazine for breeding & general human Altumaah

گۆڤـــارێکی بواری پەروەردە و گەشەپێدانی مرۆیی گشتییە

# 15

تەمووزی 2014


## خاوەنی ئیمتیازو سەرنووسەر

یاسین ئەحمەد زەنگەنە

07504338587 - 07701488962

yaseenzangana@yahoo.com

## ڕاوێژکاران

شەماڵ موفتی — د.کەریم ئەحمەد

د.سادق عزیز خۆشناو — د.ئەحمەد وەرتی

## جێگری سەرنوسەر

نەوزاد سەلام خۆشناو

## دەستەی نووسەران

عەلی ئیبراهیم حەسەن

ئەمیر ئەحمەد عەبدولقادر

ئیحسان برهان الدین

ئومێد مستەفا

ئیمان ناصح

رابەر أحمد وەرتی

تایپ

هاوری یاسین








ناردنی ڕیکلام و بابەت و پەیوەندییەکان لەڕێگای سەرنووسەرەوە دەبێت.

نرخی 2500 دینارە

# لەگەڵ بڕەو دا

# بڕەو بە تواناکانت بدە






بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

# لەپێشوازای رەمەزاندا

رۆژوو قوتابخانەیەکی رۆحی بەهێزە بۆ خاوێنکردنەوەو پەروەردەکردنی دڵ و دەرون و ئاراستەکردنی هەڵسوکەوت و رەفتاری مرۆڤ، و راهێنانی لاشەو گیانە لەسەر خۆڕاگرای و عەزیمەت.

ئەمەش تەنها بە هێزی فەرمان و رێگریکردن نایەتە ئاراوە، بەڵکو بە خۆشەویستی و گوێڕایەڵیەکی ئازادانەو بە شەوق و ئارەزوویەکی بێسنورەوە دێتە دی .

پێش هاتنی رەمەزان خەڵکانی موسڵمان بە جۆش و خرۆش و خۆشیەکی بێسنورەوە لە چاوەڕوانی و پێشوازیکردنی ئەم مانگە پیرۆزەدان و پیرۆزبایی لە یەکدی دەکەن و خۆیان ساز و ئامادە دەکەن، لەم مانگەدا کۆڕی زیکرو خواناسی گەرم و گوڕەو جمەی دێت و بڕواداران بەو پەڕی رەزامەندی و وابەستەبوون بە پەیامی خواوە کاردەکەن.

کاتێک لە ناخی بڕواداراندا خۆڕاگری و عەزیمەت جێگیر دەبێت و بەبێ هیچ دڵەڕاوکێ و دوودڵیەک پابەند دەبن بە هیدایەت و رێنماییەکانی خوای گەورەوە لە هەموو کاروبارەکانی ئەم پەرستشەدا، با پێچەوانە بێت بە حەزو ئارەزووە تایبەتەکانی مرۆڤەوە.

رۆژوو مەیدانێکی کرداریە بۆ راهێنانی دڵ و دەرون و دروستبونی ویست و ئیرادەی پۆلاین ، ئەمەش وانەیەکی گرنگە مرۆڤ لە رەمەزان و دوای رەمەزاندا پێویستی پێیەتی ، تا ئەو کاتەی کۆتایی بە ژیانی دێت.

ئای چەندە پێویستیمان بە ئیرادەیەکی پۆلاین هەیە تا روبەڕوی هەموو بەرتیلێکی فریودەر بینەوە بۆ بەناهەق دانانی هەق، یان بەهەق دانانی ناهەق ، ئای چەند پێویستیمان بە ئیرادەیەکی بەهێز هەیە تا خۆگربین و خۆمان بپارێزین لە کۆڕی خراپەکاری و هاوڕێیەتی کەسانی خراپ و خوڕەوشتی ناشیرین و ناڕەوا، رۆژوو هەموو ئەو وانانەمان فێردەکات.

رۆژوو فێرمان دەکات بەو پەڕی ئازایەتیەوە روبەڕوی هەموو دەروازەکانی خراپەکاری بوەستینەوەو هاوار بکەین.

ـــ نا نەخێر ناهێڵین نزیک بنەوە لە دیواری کەسایەتی و پیاوەتیمان.

ـــ نا نەخێر بوار بەخۆمان نادەین ببینە نێچیرێکی ئاسان بۆ کەڵبە پیسەکانتان.!

ـــ نا نەخێر بوار نادەین بە مێشک و دڵ و دەرون و داوێنمان کە بەرەو حەرام و خراپەکاری پەلکێشی بکەن.

رۆژوو فێرمان دەکات هەموو بانگەشەیەکی خراپەکاری و لادان رەتبکەینەوە ئاستی مرۆڤبونمان بەرز بکەینەوە بۆ ئەو ئەندازەیەیی کە خوای گەورە لێمانی دەوێت.

دەبا سوپاسی پەروەردگار بکەین کە مسوڵمانین و رێنوێنی کردوین بۆ بە رۆژوو بونی رەمەزان و فێربونی وانەی گرنگ و بەسوود، بە ئەندازەیەک یارمەتیداوین کە ویست و ئیرادەمان لە کۆت و بەندی شەهوەتبازی و لادان رزگار بکەین .

لە کۆتادا دەڵێین رەمەزان مانگی کارو داهێنان و تێکۆشان و بەخشندەییە نەک مانگی سستی و تەمەڵی و تەوەزەلی، مانگی بەدیهێنانی گەورەترین سەرکەوتنەکانی ئیسلامە لە کۆن و نوێدا ، رەمەزان هیچ کات بەربەست نەبوە لە ئەنجامدانی کاروچالاکیەکان و هیچ پاساوێک نیە کە کارەکان بەجوانی جێبەجێ نەکرێت، هەروەک لەم فەرمودەیەی سەروەرماندا هاتووە:
( إن الله يحب إذا عمل أحدكم عملا أن يتقنه ) رواو الترمذي



# پێویستە فەرمانبەری موسڵمان چۆن بێت

ئا: باوکی سۆما

فەرمانبەری مسوڵمان لە کەسانی تر جیادەکرێتەوە لەکارو فەرمانەکانیدا، لەکەرتی گشتیدا بێت یان لە کەرتی تایبەتی، بەوەی خوای گەورە رەوشت و بەهاو ئاکاری جوانی پێبەخشیوەو کارەکانی ئەمانەتێکەو لە ئەستۆیدایە و پێویستە بە چاکترین شێوە ئەنجامی بدات لە روانگەی ئەم فەرمودە شیرینەی پێغەمبەری سەرووەرمان ( صلى الله علیة وسلم ) ( ان الله یحب اذا عمل احدکم عملا ان یتقنه ) یەکەم / رەوشتە بەرز و جوانەکانی فەرمانبەری مسوڵمان

١- رەوشت جوانی

لە میانەی رەوشتی بەرز و جوانەوە فەرمانبەر دەتوانێت سەرەنج و رێزی کەسانی تر بەدەست بێنێت بەهۆیەوە کەس بە پەراوێزی و رق و کینەو خۆ بەبچوک زانین ناکات و وشەو نازناوی ناشیرین بەکارناهێنێت بە شێوەیەکی مسوڵمانانە مامەڵە دەکات .

٢- پێشەنگی چاک

فەرمانبەری مسوڵمان یەکەم کەسە کە یاساو رێنماییەکان بە شێوەیەکی راست و دروست جێبەجێ دەکات ، فەرمان بە هیچ شتێک ناکات گەر خۆی یەکەم کەس نەبێت کە جێبەجێی بکات ، رێگری لەهیچ شتێک ناکات گەر خۆی یەکەم کەس نەبێت کە لێی دوربکەوێتەوە، کار بەم ئایەتە پیرۆزە دەکات ( یاایهاالذین امنوا لم تقولون مالا تفعلون ) .

٣- دادپەروەری

پێویستە فەرمانبەری مسوڵمان دادپەروەر بێت لەگەڵ هەموو ئەوانەی کاریان لەگەڵدا دەکات و جیاوازی نەخاتە نێوانیان .

٤- سۆز و بەزەیی

پێویستە فەرمانبەری مسوڵمان خاوەنی سۆز و بەزەیی بێت و بۆیان دڵسۆز بێت .

٥- پاکیزەیی دەرون

خۆپاراستن لە شەهوەت و هەر کارێک کە حەرامە، خۆپەرست نەبێت و هەوڵ نەدات بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندیە تایبەتیەکانی خۆی لەسەر حسابی کەسانی تر .

٦- لێهاتویی و ئاستی زانستی

لەروی کار و چالاکی و ئیداریەوە کەسێکی لێهاتوو بێت ( قل هل یستوی الذین یعلمون و الذین لایعلمون ).

٧- بێ فیزی

لەگەڵ هاوەڵانیدا کەسێکی سادەو بێ فیزبێت( ما تواضع احد لله الا رفعه الله )

٨- بەدڵسۆزی و وردیەوە کارەکانی سەر شانی ئەنجام بدات

٩- بە ئامانەتەوە ئەرکەکانی سەرشانی ئەنجام بدات

١٠- گوێڕایەڵی بەرێوبەر و بەرپرسانی بێت و فەرمانەکانی جێبەجێ بکات

١١- کاتی دەوامی فەرمی بەفیرۆ نادات.

١٢- بەشێوەیەکی راست و دروست مامەڵە لەگەڵ کەسانی تردا بکات

١٣- سەرزەنشتی کەموکوڕیەکانی خۆی بکات

دووەم/ رەوشتە ناپەسەندەکان

فەرمانبەری مسوڵمان پێویستە خۆی لەم رەوشت و ئاکارە خراپانە بپارێزێت چونکە دەچێتە خانەی گوناهو لادان و تاوانەوە.

١- رێزنەگرتنی کاتی کارکردن .

٢- جێبەجێ نەکردنی ئەرک و کارەکانی سەرشان .

٣- سستی و تەمەڵی لە جێبەجێکردنی کارەکان .

٤- پابەند نەبون بە فەرمان و رێنماییەکانی سەروخۆی .

٥- هەڵنەگرتنی بەرپرسیارێتی

٦- بڵاوکردنەوەی نهێنیەکانی کار

٧- خراپ بەکارهێنانی دەستەڵات

٨- واستە کردن

٩- زێدە رۆیی کردن لە بەکارهێنانی ماڵی گشتیدا.

١٠- بەرتیل .

١١- تزویر و ساختەکاری

١٢- بەفیرۆدانی ماڵ و سامانی گشتی.

# تەندروستی و ڕەمەزان



تەندروستی ورەمەزان

مەبەست: توێژینەوەیەکی زانستییە لەبارەی بەڕۆژوبوونی مانگی ڕەمەزان لە سەر دانیشتوانی شاری هەولێر وە کاریگەری لەسەر تەندروستی یا ڕاستر بڵێین فیسیۆلۆژیایی مرۆڤ.

دەستپێک:ئەوەی زۆر بەبەرگوێمان دەکەوێت کە ڕۆژو سوودی هەیە بۆ لەشی مرۆڤ بەڵام ئایا ئەم سودە چیە وتا چەندە کاریگەری هەیە ئەمە دەبێ لەڕێگەی توێژینـــەوەو بەدواداچوونی زانستیـەوە بکرێت ,چونکە هەر شتێک ئەمڕۆ بەبێ توێژینەوەو زمانی ژمارە ڕەنگە پەسند نەبێ.

ڕێچکە:ڕێچکەی زانستی ئەم توێژینەوەیە لەڕێگەی پشکنینی کلینیکی وتاقیگەیی بۆ ٥٣ ڕۆژوەوان لەماوەی مانگی ڕەمەزان ,(٣٣نێر ,٢٠مێ) تەمەنی بەشداربووان لە نێوان١٥ساڵ-٥٩ساڵ وە بەشداربووان لە سەنتەری توێژینەوەی پزیشکی/ زانکۆی هەولێری پزیشکی و بنکەی تەندروستی مەلافەندی و سەنتەری ڕۆشەنبیری نوری حیکمە بۆ لەبەرکردنی قورئان) بوون .پیاوەکان گشتیان ٣٠ڕۆژی تەواو بەڕۆژووبوون لەماوەی ڕەمەزانی ساڵی٢٠١١ (١٤٣٢ کۆچی) ئافرەتانیش نزیکەی ٢٥ڕۆژوو (لەبەر خولی مانگانەیان ( .هەرکەسێک نەخۆشبێت یا بەڕۆژونەبێت یا هەردەرمانێک بخوات یا سکپڕبێت بەشداری پێنەکراوە. پشکنینەکان چوارجار دووبارەکرانەوە (٣ڕۆژپێش ڕەمەزان ,٦ی ڕەمەزان ,٢٢ڕەمەزان ,٦ڕۆژ دوایی ڕەمەزان).گشت پشکنینەکانیش لەلایەن توێژەران ئەنجامدراون لە تاقیگەکانی سەنتەری توێژینەوەی پزیشکی /زانکۆی هەولێری پزیشکی.پشکنینەکانیش بریتین لە :لێدانی دڵ ,فشاری خوێن ,بەرزی ,کێش ,کەمەر ,پانی ناوقەد ,شەکرە ,چەوری خوێن هەر چوار جۆری. هەرکەسێکیش چەند پرسیارێکی تایبەتی لێ پرسراوە وەکو ئایا ئۆتۆمبێلی هەیە ,ڕۆژانە دانیشتن ونووستنی زیادکردوە , خواردنی (قەسپ ,شەربەت ,شیرنەمەنی (پاقلاوەوکولیچە وکێک).گۆشتی مریشک وئاژەڵ وە چەندجاریش خواردوویەتی لە ڕەمەزان.

ئەنجام:دوای لێکۆڵینەوە گەیشتینە ئەم ئەنجامە.

ئۆتۆمبیلی هەیە

| | ژمارە | ڕێژەی سەدی٪ |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٣٧ | ٦٩,٨ |
| نەخێر | ١٦ | ٣٠,٢ |

پیشە

| | ژمارە | ڕێژەی سەدی٪ |
|---|---|---|
| یاریدەدەری پزیشکی | ١٤ | ٢٦,٤ |
| مامۆستا | ٨ | ١٥,١ |
| فەرمانبەر | ١٧ | ٣٢,١ |
| پزیشك | ٥ | ٩,٤ |
| کاری سەربەخۆ | ٩ | ١٧,٠ |
| | | |

خواردن زۆرکردن لە ڕەمەزان

| جۆری خواردن | ژمارە | ڕێژەی سەدی٪ |
|---|---|---|
| شەربەت | ٤٣ | ٨١ |
| کێك | ٣ | ٦ |
| کولیچە | ٣ | ٦ |
| پاقلاوە | ٢٩ | ٥٥ |
| قەسپ | ٥٣ | ١٠٠ |
| گۆشتی مریشك | ٤٩ | ٩٢ |
| گۆشتی ئاژەڵ | ٣٢ | ٦٠ |
| بیبسی | ٨ | ١٥ |

خەوتن



بەگشتی خەوتن کەمیکردوە لە ڕەمەزان بەبڕی نیوکاتژمێر بەڵام دانیشتن زۆربووە بەبڕی ٣٠ ,٢کاتژمێر ,فشاری خوێن بەبڕی ٩/١١ملليمتر جیوە دابەزیوە لە ڕەمەزان ,شەکرەی بەبڕی١٥ملليگرام دابەزیوە بەمەرجێ هیچ کەسێک نەخۆشی شەکرەی نەبووە ,گشتیان ساغبوون.

ژمارەی ئەو پشکنینانەی کەوا خراپ بوون (نائاسایی) لە هەر چوار جاردا

| پێش ڕەمەزان (١) | ژمارەی پشکنین |
|---|---|
| ١٠ | کۆلیستڕۆڵ |
| ٢٦ | چەوری سیانی ژێرپێست |
| ٢٠ | چەوری سوك |
| ٥٠ | چەوری گران وسودبەخش |

| ٢٢ڕەمەزان (٣) | )٢٦ڕۆژ دوای ڕەمەزان ( |
|---|---|
| ٢ | ٤ |
| ٢٢ | ١٣ |
| ٤ | ٧ |
| ٣٩ | ٣٩ |

| دوای ڕەمەزان (٤) | |
|---|---|
| ٠ | |
| ٢٥ | |
| ٠ | |
| ٢٧ | |

دەبینین کۆلیستڕۆڵ لە ١٠کەس بەرزبووە پێش ڕەمەزان کەچی دوایی ڕەمەزان گشتیان ئاسایی normal بوونەتەوە , چەوری سیانی دوایی ڕەمەزان زۆربۆتەوە چونکە خێرا بەخواردنی چەوری جەژن بەرزدەبێتەوە ,چەوری سوک گشتیان ئاسایی بوونەتەوە ,چەوری گرانی سودبەخش لە٢٣کەس ئاسایی بۆتەوە (واتا زۆری کردوە چونکە ئەم جۆرە دەبێ زۆربێت).

ناوەندە کێشی لەش بەکیلۆگرام

| پێش ڕەمەزان | ٦ی ڕەمەزان |
|---|---|
| ٧٩,٦ | ٧٨,١ |

| ٢٢ڕەمەزان | هەفتەیەك دوای ڕەمەزان |
|---|---|
| ٧٧,٨ | ٧٨,٩ |

شەکرەی خوێن بە ملليگرام/دسیلیتر

| پێش ڕەمەزان | ٦ی ڕەمەزان |
|---|---|
| ١٠٣ | ٧٩ |

| ٢٢ڕەمەزان | هەفتەیەك دوای ڕەمەزان |
|---|---|
| ٨٧ | ٩٠ |

دەرئەنجام: بۆمان دەرکەوت کە کێشی لەش لەڕەمەزان باش دادەبەزێت ,بەڵام دوای ڕەمەزان کەمێک بەرزدەبێتەوە ئەمەش بە هۆی گوێ نەدان بە جۆرو بڕی خواردن ,شەکرەوچەوری سیانی خوێنیش بە هەمان شێوە دابەزیون ,دوایی ڕەمەزان کەمێک بەرزبوونەتەوە ,چەوریەکانی تر گشتیان باش بوون ,دوایی ڕەمەزانیش هەر بەباشی ماونەتەوە .

بۆیە دەتوانین بڵێین ڕەمەزان وێستگەیەکی زۆر باشە بۆ پارێزگاری کردنی تەندروستی لەش ,بەڵام خۆزگە بتوانین :

١-دانیشتن زۆر نەکەین ,ڕەمەزان مانگی چوست وچالاکیە نەک مانگی تەمبەڵی.

٢-خواردنی زۆر چەور وشیرین زۆر نەکەین (وەک گۆشت وشیرنەمەنی وبیبسی وشەربەت) مانگی خواپەرستیە نەک خواردن وخواردنەوە .

٣-هەوڵبدەین لە جەژن هەر پارێزگاری لە تەندروستیمان بکەین نەک بەجارێ هەرچ خواردنێ کەچەور وشیرین وخراپە ئەو بخۆین وە سودەکانی ڕەمەزان بۆ تەندروستیمان لەدەست نەدەین.


دکتۆر هەڵگورد فتح الله احمد
مامۆستا بەشدار حسین محمود
دکتۆراه-مامۆستا نەخۆشیەکانی هەناو
ماستەر-مامۆستای یاریدەدەر تەکنیکی بایلۆژی
ئەنجومەنی بۆردی کوردستانی بۆپسپۆڕیە پزیشکیەکان زانکۆی
هەولێری پزیشکی
بەڕێوبەرایەتی ڕاهێنان وتوێژینەوە
سەنتەری توێژینەوەی پزیشکی

دکتۆر.سلیم سعید زەنگەنە
پرۆفیسۆر.د.نمیر غانم
دکتۆراه -مامۆستا نەشتەرگەری گشتی
دکتۆراه-پرۆفیسۆر تەندروستی کۆمەڵ
زانکۆی هەولێری پزیشکی
بەڕێوبەری گشتی سەنتەری توێژینەوەی پزیشکی سەرۆکی بەشی تەندروستی کۆمەڵ

# بودجەی خێزانی پرسێکی لەبیرکراو



ئا: یاسین ئەحمەد زەنگەنە

### پێشەکی

بودجەی خێزانی یەکێکە لەو بابەت و تەوەرانەی لە کۆمەڵگای کوردەواریدا خێزانەکان بایەخی ئەوتۆیان پێنەداوە، هەر بۆیە لە زۆرێک لە خێزانەکاندا کێشەی ئابوری و کۆمەڵایەتی دەکەوێتەوە بەهۆی نەبونی رۆشنبیری لە بواری دانانی بودجەو شێوازی خەرجکردن لە چوارچێوەی پێداویستیەکانی خێزاندا، لەم سۆنگەوە بەچاکمان زانی لەم پرسە بدوێین لە چەند برگەیەکدا.

### یەکەم: چەمک و واتای بوجەی خێزانی

بوجە هەنگاوێکە لە هەنگاوەکانی بەرێوەبردنی داهاتی دارایی، بوجە زاراوەیەکە بەکاردێت بۆ هەر پلانێک کە لەمیانەیەوە دەرامەتەکان دابەش بکرێت بەسەر پێداویستیە جۆراوجۆرەکاندا، بوجە بەکاردێت بۆ دیاریکردنی شێوازی بەکارهێنانی تاک و خێزان بۆ ئەو داهاتانەی کە هەیانە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو هەفتانە یان مانگانە.

ئامانج لە دانانی بوجە ئەوەیە بتوانیت بە داهاتی خێزان زۆرترین پێداویستی و خواستەکان بەدی بێنێت، ئەمەودانانی بوجەی خێزان لە خێزانێکەوە بۆ خێزانێکی تر دەگورێت بە پێی ژمارەی ئەندامانی خێزان و تەمەن و ئاستی بژێوی و داهاتی خێزان، بۆ نمونە ئەو خێزانانەی کە ژمارەیان زۆرترە خەرجی تاکەکەسیان زیاترەو رێژەی پاشەکەوتیان کەمترە، هەروەها ئەو رێژەیە بە پێی بری داهات دەگورێت، ئەو خێزانانەی داهاتیان دیاریکراوە زۆرترین رێژەی بوجەکەیان لە بواری خواردنە بنەرەتیەکان

و باری تەندروستیدا خەرج دەکرێت.
لەم روانگەوە پێویستە خێزان بە پێی داهات و باری ئابوری و بژێوی خۆی بوجەی خێزانی ئامادەبکات و دابەشی بکات بە پێیی رێژەی سەدی بەسەر پێداویستیەکاندا و پێداویستەکانیش بە پێی گرنگیان ریزبەند بکات ، بۆ نموونە:

٢٠٪ ی داهات بۆ نیشتەجێ بوون
٢٥٪ ی داهات بۆ خواردەمەنی
٢٠٪ ی داهات بۆ خەرجی کەسی
١٠٪ ی داهات بۆ جلوبەرگ
١٥٪ ی داهات بۆ پێداویستی ناوماڵ
٥٪ ی داهات بۆ چارەسەری پزیشکی
٥٪ی داهات بۆ پاشەکەوت کردن

بەواتایەکی دی خێزان کۆی داهاتی مانگانەی چەند بێت پێویستە دابەشی بکات بەسەر ئەو سێکتەرانەی خستمانە روو .
دەکرێت لێرەدا بە چڕی وکورتی ئامانجی دانانی بوجەی خێزانی بخەینە رووکەبریتین لە:
١_ دابینکردنی پێداویستیەکانی ژیان بە پێی ئەو داهاتەی لەبەردەستدایە.
٢_ خۆ بە دورگرتن لە قەرزکردن.
٣_ بوونی بەرچاو روونی سەبارەت بە توانای کڕین.
٤_ پاشەکەوت کردنی بەشێک لە داهاتی خێزانی و بەکارهێنانی بۆ کاتی پێویست.
٥_ ئاراستەکردن و رێکخستنی خەرج کردن.
٦_ زانینی کورت هێنان یان زێدەیی بوجە.

## دووەم: هەنگاوەکانی دانانی بووجە

١_ هەمووخەرجی و پێداویستی و حەزوو خواستەکانی خێزان بۆماوەیەکی دیاری کراو تۆماربکە، بۆ نموونە ماوەی مانگێک، وەک خەرجی:خواردەمەنی، جلووبەرگ، کرێخانوو یان شوقە، چارەسەری پزیشکی، خەرجی کەسی، هەروەها ناکرێت پاشەکەوت کردن لەبیر بکرێت،ئەمەو لەکاتێکدا باسی خەرجی خانوودەکەیت، پێویستە خەرجی کارەباو ئاوو .....تاد تۆمار بکەیت. هەروەها بۆ هەمووپێداویستیەکانی تریش بە هەمان تەرز.
٢_ دیاریکردنی نرخ و بەهای پێداویستیەکان بە شێوەیەکی نزیکراوەیی.
٣_ دیاریکریکردنی بەهای ئەو داهاتەی کە خێزان لەماوەی مانگێکدا دەستی دەکەوێت، چاک وایە کۆی داهاتەکان بەلای کەمەوە دابنرێت چونکە گەر زیاتر بێت ئەوا هەموار کردن ئاسانتر دەبێت.
٤_ هاوسەنگی کردن لەنێوان داهات و خەرجیەکاندا، واتە دابەشکردنی داهات بەسەر ئەو خەرجی و پێداویستیانەی کە پێشتر دیاریکراون وە هەوڵدان بۆ ئەوەی رێژەیەک پاشەکەوت دابنرێت.
٥_ دابەشکردنی ئەو برە پارانەی کە دیاریکراون بۆ خەرج کردن لە بوارە جیاوازەکاندا، گەر خەرجیەکان لە داهات زیاتر بوون ئەوا پێویستە خێزان سود لەم رێنماییانە وەربگرێت .
١- سوک کردنی ئاستی بژێوی ، دورکەوتنەوە لە زێدەرۆیی کردن و تەنها ئەو پێداویستیانەی زۆر گرنگن جێبەجێ بکرێت .هەروەک ( ویل رۆجەرز) دەڵێت: خەڵکی پارەیەکی زۆر خەرج دەکات بۆ بابەتگەلێک کە هیچ پێویستیان پێی نیە تەنها بۆ سەرەنج راکێشانی خەڵک و دەوروبەرەکەیانە .
٢- سود بینین لە خزمەتگوزاری خۆڕایی یان هەرزان لەبواری چارەسەری پزیشکی و خوێندن و .... هتد .
٣-زێدە رۆیی نەکردن لە بەکارهێنانی خواردن یان بەکارهێنانی ئاو و کارەبا و تەلەفۆن و مۆبایل .
٤- هەوڵدان بۆ بەرزکردنەوەی داهاتی خێزان لە میانەی سودبینین لە بەهرەو توانای ئەندامانی خێزان لە بواری کارو پیشەدا.
٥- بەرزکردنەوەی داهاتی خێزان بە ئەنجامدانی کاری سەرەرایی .
٦- وەبەرهێنان لە بازرگانی پشکدار گەر بە مەبلەغێکی کەمیش بێت .

## سێیەم : بنەما گشتیەکانی دانانی بوجەی خێزانی

١- رەچاوکردنی بەدیهێنانی ئامانجەکانی ئەندامانی خێزان.
٢- تێرکردنی پێداویستیە گرنگەکان دواتر ئەو پێداویستیانەی کە گرنگیان کەمترە.
٣- پابەندبوون بە واقع بینی و رەچاوکردنی ئاستی بژێوی خێزان و نەرمی نواندن لە جێبەجێکردنی بوجەداو دیاریکردنی بەشێکی بوجە بۆ حاڵەتێکی نائاسایی .
٤- رەچاوکردنی ئەوەی هیچ بەشێک لەسەر حسابی بەشەکانی تر نەبێت .
٥- رەچاوکردنی نرخی باوی شمەک و خزمەتگوزاریەکان و بارودۆخی ئابوری .
٦- سودبینین لە ئەزمون و شارەزایی کەسانی تر بۆ دیاریکردنی ئامانجەکان و پێداویستیەکان و خەرجیەکان .
ئەو هۆکارانەی کە کاریگەری نەرێنیان هەیە لەسەر بوجەی خێزان:
١- هەڵەی بەکارهێنان .
٢- کڕینی رەمەکی بە قیست .
٣- قەرز کردنی بێ بەرنامەو نارێکخراو .

## چوارەم : کورت هێنانی بووجە:

کورت هێنانی لە بوجەی خێزانیدا حاڵەتێکی ئاسایی وسروشتیە و پێویستە هۆکارەکانی دەست نیشان بکرێت و چارەسەری گونجاوی بۆ بدۆزرێتەوە لێرەدا ئاماژە بەچەند هۆکارو چارەسەرێک دەدەین.
هۆکارەکانی کورتهێنانی بوجەی خێزانی زۆرن لەوانە :
١_ پابەند نەبوون بەسێکتەرەکانی خەرجکردنەوە.
٢_ کەم بوونەوەی داهات بە شێوەیەکی کتوپڕ.
٣_ بەرزبوونەوەی لەناکاوی نرخی کەل و پەل و پێداویستیەکان.
٤_ هاتنە ئارای خەرجیەک کەپێشتر حیسابی بۆ نەکراوە.
٥_ باری نا ئاسایی.
بۆ چارەسەری کورتهێنان دەخوازێت چەند رێوشوێنێک بگیرێتەبەر لەوانە:
١_ کەم کردنەوەی خەرجیەکان.
٢_ دورکەوتنەوە لە کڕینی شتومەک و کەرەستەی جوانکاری.
٤_ هەوڵدان بۆ زیادکردنی داهاتی خێزانی.
٥_ هەوڵدان بۆ دوورکەوتنەوە لە قەرزکردن.

## سەرچاوەکان:

١_ میزانیة الاسرة، منهج مفقود لعائلة سعیدة ، جابر شعیب الاسماعیل.
٢_ میزانیة الاسرة بین الواقعیه والمبالغة ، عثمان بن حمد اباالخیل.
٣_ اقتسادیات الاسرة المسلمة ، د. محمد عودة العمایدة.



# چۆن خێزانەکەت بەسەر کەوتویی بەڕێوە ئەبەیت؟

نووسینی: محمد نبيل كاظم
وەرگێڕانی: د. ئەحمەد وەرتی
بەشی یەکەم

## ساڵی یەکەمی هاوسەرگیری

ئەگەر خێزان بریتی بێت لە دامەزراوەی یەکەم لە ژیانی مرۆڤایەتیدا، کە گرنگی و بایەخ بە بەڕێزترین توخمەکانی ئەم بوونەوەرە لە دیدگای ئیسلامەوە کە ئەویش مرۆڤە دەدات هەر لە لەدایک بوونیەوە تا کۆچی دوایی، ئەوا شتێکی بەڵگە نەویستە کە هەوڵ بدەین و هەموو توێژەکانی کۆمەڵگاش هەوڵبدەن بۆ پێگەیاندن و ڕۆشنبیرکردنی ئەم مرۆڤە جا چ نێر بێت یاخود مێ، بۆ ئەوەی بە تەواوترین و جوانترین شێوە بە ڕۆڵی خێزانی خۆی لە باوکایەتی و دایکایەتی لەدوای هاوسەرگیری هەڵبستێت.

هەر بۆیە شەریعەتی ئیسلام ئەم بابەتەی لەخۆ گرتووە بەو حوکمانەی دایناون و ئەو بنەما و بەهایانەی ڕایگەیاندوون، بۆ گرنگیدان بە خێزان و پەیوەندی یەکانی نێوان تاکەکانی بە باشترین یاسا کە مرۆڤایەتی لەم سەر زەمینەدا زانیبێتی و ناسیبێتی، و خۆشەویستی و سۆز و بەزەییشی کردۆتە بناغەی هەموو ئەمانە، ئەم دوو سیفەتەش ئەو ئایەتە پیرۆزە کۆی کردوونەتەوە کە دەفەرموێ: (وَمِنْ آياتِهِ أَنْ



خَلَقَ لَكُمْ مِنْ أَنْفُسِكُمْ أَزْوَاجًا لِتَسْكُنُوا إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُمْ مَوَدَّةً وَرَحْمَةً (الروم: ٢١).

واتا: یەکێکی تر لە نیشانەکانی توانایی خوا ئەوەیە هاوجووتی بۆ دروست کردوون لە جۆری خۆتان , پیاو بۆ ئافرەت و ئافرەت بۆ پیاو , بۆ ئەوەی دڵتان لە گەڵیان ئارام بگرێت و خۆشەویستی و بەزەیی لە نێوانتانا دروست کردووە .. وە ئەگەر لە تێگەیشتنی مەبەستەکانی شەرع لە دەقە پیرۆزەکانی قورئان و سوننەت بەفراوانی قووڵ بینەوە , ئەوا سەیرو سەمەرەی ئەو رێنمایی و ئاراستانەمان بۆ دردەکەوێت کە شارەزا و پسپۆڕان پێی گەیشتوون لە رێی توێژینەوەی زانستی توانا پڕوکێن و دوور و درێژ , لەکاتێکدا ئەم دەقانە بەچەند وشەیەکی ژمێردراو ئاماژەیان پێداوە بەبێ هیچ نارەحەتی و خۆ ئازاردانێک , وەک نموونەیەک لەسەر ئەمە دەکرێ ئاماژە بەوە بکەین کە لەفەرمودەی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) تێدەگەین لەدیاریکردنی ئەرک و بەرپرسیارێتی یەکانی ژیانی گشتی , و بەپرسیارێتی یەکانی خێزانی بەتایبەتی کە دەفەرموێ: ((كُلُّكُمْ رَاعٍ وَكلكم مَسْئُولٌ عَنْ رَعِيَّتِهِ , فَالْإِمَامُ رَاعٍ وَ مَسْئُولٌ عَنْ رَعِيَّتِهِ ,وَالرَّجُلُ فِي أَهْلِهِ رَاعٍ وَ مَسْئُولٌ عَنْ رَعِيَّتِهِ, وَالْمَرْأَةُ فِي بَيْتِ زَوْجِهَا رَاعِيَةٌ وَمَسْئُولَةٌ عَنْ رَعِيَّتِهَا ,وَالْخَادِمُ فِي مَالِ سَيِّدِهِ رَاعٍ وَمَسْئُولٌ عَنْ رَعِيَّتِهِ, وكلكم راع و مسئول عن رعيته)) ,.(١) واتا: هەمووتان شوانن و بەرپرسن لەوەی لە ژێر رکێفتاندایە , پێشەواو سەرکردە شوانەو بەرپرسە لەوەی لە ژێر رکێفیدایە ,و پیاو شوانە لە نێو خێزانەکەی و بەرپرسە لەوەی لە ژێر رکێفیدایە , و ئافرەت لە ماڵی مێردەکەیدا شوانەو بەرپرسە لەوەی لە ژێر رکێفیدایە , و خزمەتکار لە ماڵی گەورەکەیدا شوانەو بەرپرسە لەوەی لە ژێر رکێفیدایە , و هەمووتان شوانن و هەمووتان بەرپرسن لەوەی لە ژێر دەست و رکێفتاندایە .

فەرموودەکەی سەرەوە ئاماژە بەم کارە کارگێڕیانەی خوارەوە دەکات بۆمان:

١- سەرکردایەتی: سەرکردیەتی کردن ئەرکی پێشەواو فەرماندەیە لەنێو گەل و نەتەوە و بەردەستەکانیدا , هەروەک ئەرکی پیاوە لەنێو خێزان وخانەوەداکەیدا , هەروەک ئەرکی ئافرەتە لەماڵی مێرد و خێزانەکەیدا , بەهەمان شێوە ئەرکی کرێکار و فەرمانبەر و خزمەتگوزارە لەکارەکەیدا , جیاوازیش لەسەرکردایەتی کردن لەنێوان تاکێک و یەکێکی تردا جیاوازی یە لەفراوانی و گشتگیری و رۆڵ و ریزبەندی و ئەولەویەت دا.

٢- بەدەستهێنان: لێرەدا مەبەست پێی بەدەستهێنانی چەندێتی ئەو ئەنجامە مادییە بەرهەستانەیە کە خۆی دەبینێتەوە لەسەروەت و سامان بەنیسبەت پیاو لە خەرجکردنی لەسەر ئەوانەی بەخێوکردنیانی لەئەستۆدایە , بەڕێوەبردن و پێشکەوتن و سەرکەوتنەکان بە نیسبەت فەرمانڕەوا , چاودێری کۆمەڵایەتی بەنیسبەت ئافرەت لەناوماڵ و خێزانەکەیدا , بەرهەم و دەستکەوتەکانی ئەرک و خزمەتگوزاری یەکان بەنیسبەت کرێکار و خزمەتگوزارەوە .

ئەوەی باسمان کرد لە جیاوازی لە چەمکی سەرکردایەتی لە نێوان حوکمدار و حوکمکراو , و لە نێوان پیاو و ئافرەت و , کرێکار و خزمەتگوزار , لێرەدا هەمان جیاوازی لە چەمکی دەسکەوت و بەدەستهێنان لە نێوان ئەم توێژە کۆمەڵایەتیانەدا , لە رووی ئەولەویەت و لەپێشینەیی و ریزبەندی و گرنگی دانەوە باسدەکەین.

٣- پەیوەندی: مەبەست پێی لێرەدا رۆڵی ویژدانی گشت لایەنەکانی بەرپرسیارێتی یە , رۆڵی بنەڕەتی فەرمانڕەوا بریتی یە لە سەرکردایەتیکردنی کۆمەڵگا و نیشتیمان و نەتەوە و , جێبەجێکردنی پلانی پێویست بۆ پێشکەوتن وسەرکەوتنی , و پەیوەندی سۆز و رەحم و بەزەیی هاتنەوەی بەرفراوان بەچاک و خراپ لە رۆڵەکانی کۆمەڵگاکەی , بە نیسبەت پیاوەوە ئەو پێشڕەوایەتی خێزانەکەی دەکات و خەجییەکانی دەکێشێ و بە سۆز و بەزەیی دەبێت بۆیان , بەڵام بە نیسبەت ژنەوە ئەوا خۆشەویستی و باش راپەڕاندن و جێ بەجێ کردنی ئەرک و شولی ژن و مێردایەتی و پەیوەندی بە مێرد و منداڵەکانی لە پلەی یەکەم دایە , چونکە سروشتی ژیانی و پاڵنەری خۆشەویستییەکەی بۆ ژیان و سەرکەوتن تیایدا دەوەستێتە سەر پەیوەندی باش و جوان , چونکە هەست و سۆزی ئافرەت بە پلەی یەکەم بەشێکە لە بوون و قەوارە دەروونی و جەستەییەکەی.

٤- هۆکارەکان: هۆکار و کەل و پەل و کەرەسەکان , وەک ماڵ و شوێنی حەوانەوە و یەک

خانوو بۆ ژن و مێرد , و پێخەف , و خەرجی و, پلانەکان و گرێبەستی هاوسەرگیری , و سامان و تەندروستی جەستەیی , و هەر

شتێکی دیکە کە بەهۆیەوە کار ئاسانی دەکرێت بۆ هاوسەرگیری و بنیاتنانی خێزانێکی سەرکەوتوو , و پەروەردەکردنی منداڵان لەسەر رەوشت و ئایین لە کتێب و قوتابخانە و فێرکردندا , هەروەها هۆکارەکانی پاراستنی خێزان و پارێزگاری لێکردنی.

٥- دامەزراوە: کە بریتی یە لە دامەزراوەی کۆمەڵگەی رێک و تەواو و بێ کەم و موکوڕی , لە خێزان و خزم و کەس و کار و هۆزو داب و نەریت و بەهاکانیانەوە دەست پێدەکات , و بەنیشتیمان و نەتەوە و رۆشنبیری و فەرهەنگ و ئایین , و ئەوەی لەم توخمانەش دەفامرێتەوە لە چەمکە مەعریفی و یاسایی و شەرعی و ئەخلاقی یەکان کۆتایی دێت , تاک وادار دەکات هەروەک خێزان وادار دەکات بە پابەند بوون پێیانەوە , وە لەبەر چاوگرتینان لە کاتی ئەنجامدانی گرێبەستی هاوسەرگیری یان دوای گرێبەستەکە , و ئەوەی لێی دەکەوێتەوە لە دەرەنجام و شوێنەواری ماددی و مەعنەوی , و هەروا لەکاتی هەڵوەشاندنەوەی ئەو گرێبەستەشدا بەشێوەیەک لە شێوەکان.

لەبەر ئەوە , دەکرێ تێبینی بکەین لەوەی بە کورتی و گوشراوی وەرمان گرت لە فەرموودەی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) لەدیاریکردنی بەرپرسیارێتی یەکان , کە خێزانی سەرکەوتوو پێویستی هەیە بە:

١- سەرکردایەتی یەک.
٢- خەرجی یەک.
٣- پەیوەندی یەک.
٤- هۆکارگەلێک.

لەبەر ئەمەشە لە پێشەکی ئیبن خەلدون (مقدمە ابن خلدون) دا هاتووە: ((بێگومان سیاسەتی مەدەنی بریتی یە لە تەگبیر و بەڕێوەبردنی ماڵ یان شار بە شێوەیەک پێویست بێت بەرمەبنای رەوشت و دانایی —حیکمەت —)) , زانستی بەڕێوەبردنیش زانستێکی نوێ و تازەیە و پێناسەکەی بەکورتی ((هونەری بەکارهێنانی ئیمکاناتی بەردەستە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکان بەکورتترین رێگا و کەمترین تێچوو)).

بەڵام ئەوەی پەیوەستە بە بەڕێوەبردنی خێزان , ئەوا دەکرێ پێناسەی بکەین بەوەی کە بریتی یە لە ((رێکخستنی کاروباری خێزانیی , بەپێی بەرنامەیەکی دیاریکراو , بۆ بەدیهێنانی چەند ئامانجێکی دیار , لەماوەیەکی زەمەنی دیاریکراودا)). وە بەپێی چەمکەکانی زانستی بەڕێوەبردن خێزان پێویستی هەیە بە:

١- بەرێوەبەرێکی گشتی کە ئەویش پیاوە.
٢- سەرمایەیەک کە لێیەوە بۆ خێزان خەرج بکرێت کە ئەویشیان لەسەر پیاوە.
٣- بەڕێوەبەرێکی جێبەجێکار کە وەڵامی داوا و خواستی پلانەکە بداتەوە لەچوارچێوەی پەیوەندیگەلێکدا کە ئەویش (ئافرەت)ە.
٤- دەزگایەک کە دامەزراوەی هاوسەرگیری (ماڵەکە) و پێویستییەکانی لەسەر دەوەستێت.

پێویست ناکات خۆشمان تووشی ئیحراجی بکەین لەم لێکچواندنانەدا , کە کەسانی گۆشەگیر و کورت بین بە جۆرێک لە خۆسەپاندن بەسەر ئافرەتی تیادا ئەبینن , چونکە گەر من گۆشەنیگام بەشێوەیەکی پێچەوانە بۆ ئەمانە بگۆڕم , جۆرێک لە خۆسەپاندنی تیادا ئەبینم بەسەر پیاودا , چونکە پیاو راسپێردراوە بە ماندووبوون و هەوڵ و کۆشش و رەنجدان لە پێناو بەخێوکردن و نەفەقەکێشانی خێزانە پارێزراوەکەی و خانەوادە رێزلێگیراوەکەی , بێ ئەوەی هیچ دەسەڵاتێکی وای هەبێت لە بەرامبەر ئەو بەرپرسیارێتی یەی لە ئەستۆی دەگرێت.

رەنگە یەکێک بڵێت: ئەی حاڵی ئافرەت چۆن دەبێت کاتێ ئەو نەفەقەی مێرد و خێزانەکەی دەکێشێ پاش ئەوەی بارودۆخ دەگۆڕێت و ژیان گۆڕانی بەسەردا دێت!!

منیش دەڵێم:ئەسڵ لە هەر حاڵەتێکی فیتری و بنەمایەکی شەرعی جێگیری بنەماو بنچینەکانە , جا گەر ریزپەڕ (ئیستیسنا) یێکیش روویدا ئەوا زیانی نابێ و کێشە نی یە , ئەوەتا خێزانی یەکەمی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) خەدیجە — خوا لێی ڕازی بێت— سامانی خۆی بۆ پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت ) خەرج دەکرد کە خاوەنی بازرگانی و کاروانگەلی بازرگانی بوو , بەڵام پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) چی بەدەستهێنا بۆ ئەو و ژنانی جیهان بەگشتی , تا رۆژی دوایی , لە دەسکەوت و ماف و رێز و شکۆ و ژیار و حەزارەت؟! وەڵام: ماف و دەسکەوتێکە دوور و نزیک دەیزانێت .

وە هەروەک پێغەمبەری هەڵبژێردراو (درودی خوای لەسەر بێت) دەفەرموێ: (( النساو شقائق الرجال)) (٢) . واتا: ژنان هاوتای پیاوانن , بەڵکو کارەکە تەنیا پەیوەستە بە دابەشکردنی رۆڵ و کارەکان بەچاکە و دادپەروەری لە چوارچێوەی ئەو چاکی و خەیرییەتەدا کە پێغەمبەرمان فەرمانی پێکردووین لە فەرمایشتی خۆیدا کە دەفەرموێ ((خیرکم خیرکم لأهلە , وانا خیرکم لأهلی)) (٣). واتە: باشترینتان باشترینتانن بۆ خێزانەکەی , منیش باشترینتانم بۆ خێزانەکەم.

بە گوتەی خاوەنی کتێبی ((حەوت نەریتی ئەو خێزانانەی زۆرترین کاریگەرییان هەیە)) سەرکەوتنی خێزان پەیوەستە بەم نەریتانەی خوارەوە:

١- ئیجابی بوون و خۆشەویستی.
٢- دەست بەکاربە لەکاتێکدا ئامانجەکە لە ئەقڵ و ئاوەزتا رۆشن بێت.
٣- ریزبەندی و رێکخستنی ئەولەویەتەکان لە گرنگترەوە بۆ گرنگ.
٤- بیربکەوە لەوەی کە دەسکەوتەکە بۆ هەموان بێت.
٥- سەرەتا ئەوانە تێبگەیەنە کە لەدەور و بەرتدان بۆ ئەوەی تێگەیشتنی تۆش لەوانی ترەوە ئاسانتر بێت.
٦- هاوکاری و شان بەشانی یەکتر کارکردن وادەکات ژیانی خەڵکی لەگەڵ یەکتریدا مانای هەبێت.
٧- شانەکانی مشار تیژ بکەوە هەرکاتێک کۆڵ بوون بۆ ئەوەی سەر لەنوێ توانای برینی هەبێت (٤).

پەراوێز:

(١) اخرجە البخاري و مسلم.
(٢) اخرجە البخاري و مسلم عن ابی هریرە رضی الله عنە .
(٣) اخرجە الترمذي عن ام المؤمنین عائشە رضی الله عنها.
(٤) لە کتێبی (العادات السبع للاسر الاكثر فاعلیە) ی ستین ر.کوفی، بە دەسکاریەوە.

# مانای زانستی یانەی خەت کێشان
## پەیوەندی بە کەسایەتی مرۆڤەوە

ئا: ئەمیر ئەحمەد عەبدولقادر
ڕاهێنەری پەرەپێدانی مرۆیی
amir_koy@yahoo.com

یەکەم:. ئەگەر لە ڕاستەوە بۆ چەپ یان بە شێوەیەکی ئاسۆیی خەت بکێشیّ ، و وێنەی ڕاستە هێڵی تەریب بکێشیّ، ئەوە مانای وایە تۆ مرۆڤێکی باوەڕت بە خۆتەو حەزت لە بەرەنگاری و هەڵبەز و دابەزە و لەسەر هەڵوێستی خۆت سووری و ئەم ئەم سوور بوونەت ناڕووخیّ بەڵام کچ سوور سوور بوونەکەی سنوری نیە و ئەو ناکریّ پشوو بدا و بحەسێتەوە لە ژیانیدا تەنها دوای ئەوەی دەگات بە هیوا و ئاواتەکانی.

دووەم:. ئەگەر هێڵەکانت ڕاست بوون بەڵام ستوونی بوون لەسەرەوە بۆ خوارەوە و تەریب بوون ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە خاوەنەکەی غەمبار و بیّ هیواو ڕووگرژە و بەدەست خەمۆکی و دامرکانەوە دەناڵێنیّ لە گەڵا ئەوەشدا ئەمە بەڵگەیە لەسەر باوەڕ بەخۆ بوون، بەڵام ئەگەر ئاڕاستەی هێڵەکان ستونی بیّ لە خوارەوە بۆ سەرەوە ئەوە مانای باوەڕ بەخۆ بوون و هەوڵدان و تێکۆشانە.

سیّ یەم:. ئەگەر لەو جۆرە کەسانە ی وێنەی چوارگۆشە دەکێشن ئەوا تۆ مرۆڤێکی خواستی ئازار و ناخۆشی ڕەت دەکەیەوە بەڵام تورە و هەڵدەچی، و تۆ مرۆڤێکی نموونەیی و ماددی نیت، بەڵام ئەگەر لەو جۆرە کەسانە بیت کە وێنەی تیر دەکێشن ئەوە تۆ مرۆڤێکی توند و تیژی و حەزت لە بەرەنگاری یە تا وەکو دەگەیتە ئامانج، هەروەها حەزت لە هاتن و چوونە و بیّ سنوور باوەڕ و متمانەت بە خۆت هەیە و ئامادەیت قورسترین و هەستیارترین قۆناغەکان ببڕیت تەنانەت ئەگەر بە ئارام گرتنیش بێت.

چوارەم:. ئەو مرۆڤەی خوی گرتووە بە نووسینی ناوەکانەوە ئەگەر لەو جۆرەی کە ناوی خۆت دەنووسیت ئەوە بەڵگەیە کەتۆ کەسێکی کەسایەتی خۆت خۆش دەوێت و متمانەت بەخۆت هەیە بەڵام ئەگەر ناوی هاوسەرەکەت بنووسی بۆ نموونە یان هەر کەسێکی تر کە

دەیناسی بێ ئەوەی له چوار دەوری ناوەکه شێوەیەک بکێشی وەکو بازنه یان لاکێشه ئەوە مانای وایه ئەوکەسەت خۆش دەوێت و پێت باشه هاوڕێیەتی و دۆستایەتی بکەی ، بەڵام ئەگەر بازنەیەک له چواردەوری ناوەکه بکێشی ئەوە نیشانەی ئەوەیه که هاوڕێکەت کێشەی بۆ دروست کردوی و دەتەوێت تۆڵەی لێبکەیتەوە، بەڵام ئەگەر وێنەی لاکێشه بکێشی ئەوە نیشانەی ئەوەیه که دەتەوێت بیکوژی ، بەڵام ئەگەر له چواردەوری ناوەکه تیشکی خۆرت وێنەکرد تۆ دووژمنی ئەوکەسەی و هەردەم له گەڵیدا تەنگه تاو دەبی له هەر شوێنێک بەیەکەوەبن ا بەڵام له باری وێنەکێشانی ناوی هەر مرۆڤێک له پاشان ڕەنگ کردن یان ڕەش کردنی ناوەکه ئەوە مانای ئەوەیه ئەوکەسه زۆر خۆشەویسته و له دڵەوە خۆشت دەوێ ، بەڵام ئەگەر خەتت کێشا بەسەر ناوەکه یان شێوەیەکت لەسەری دروست کرد ئەوە مانای ئەوەیه تۆ ژیریت شێواوە و نازانی چی دەکەیت بەرامبەر ئەو گیرو گرفتانەی ڕووبەڕوت دەبنەوە.

پێنجەم:. ئەگەر لەو جۆرە کەسانەبیت که هەردەم وێنەی ئەندامەکانی مرۆڤ دەکێشن وەکو دەم و چاو یان دوو دەست و دوو قاچ ئەوە تۆ مرۆڤێکی حەزت له پێکەنین و ڕبواردن دەکەی، هەمیشه مرۆڤێکی ستەم لێکراوی و لەسەر نیازەکانت خەڵک بەکارت دەهێنن چوونکه باشیت.

شەشەم:. ئەوکەسەی وێنەی کاتژمێر یان چاویلکه یاخود میوە دەکێشێ ئەو وێنانه بەڵگەن لەسەر پێوویستی، لەوانەیه خاوەنەکەی بیری هەرزەکارانه بێت ئەگەر بۆ نموونه وێنەی میوەی زۆری کێشا ئەوا پێوویستی به مۆڵەتێکی وایه لەو شتانەی ڕۆژانه دووباره دەبنەوە دووری بخاتەوە.

حەوتەم:. بەڵام ئەو کەسانەی لەسەر کاغەز وێنەی شەقام و شاخ و داخ دەکێشن ئەوانه حەز له کۆت و بەند ناکەن و گەشت و گوزار و سەفەریان پێ خۆشه.

هەشتەم:. ئەوانەی وێنەی زنجیر یان بازنەی بەناویەکدا چوو دەکێشن ئەو کەسانه له ئاشتی یەکی دەروونی و خۆشەویستی لەگەڵا کەسێکدا دەژین یاخود ئەوە بەڵگەیه لەسەر بوونی دەسپێکی پەیوەندیەکی سۆزداری نوێ.

نۆیەم:. ئەوکەسەی وێنەی کتێب لەسەر کاغەز دروست دەکات، ئەوکەسه یان نەزان و نەفامه یاخود بەدەست کەمی ناسینەوە دەناڵێنێ یان کێشه و گرفتی وای هەیه نازانێ چۆن چارەسەری گونجاویان بۆ بدۆزێتەوە، ئەو جۆره کەسانه هەمیشه وەها دەژین هەست به دڵا تەنگی دەکەن.

دەیەم:. ئەوەیان جۆره مرۆڤێکه هەردەم وێنەی دڵی خۆشەویستی دەکێشێ که تیر بەناویدا ڕۆیشتووە یاخود وێنەی چوارگۆشه له ناو چوارگۆشه دەکێشێ وەکو هەرەمی پله کراو ، ئەوکەسانه بەوە جیادەکرێنەوە که خاوەن وورەیەکی بەرز و ئاواتێکی هاوشانی سەرکەوتنن هەروەها بەوەش جیادەکێنەوە که گوێ به هیچ نادەن و هەست به دڵا تەنگی یان بێزار بوون ناکەن و له دواڕۆژ ناترسن.

یازدەهەم:.ئەوکەسەی وێنەی گوڵا دروست دەکات و تەنها پیت ئەنووسێ یان ئەستێره و وێنه دەکێشێ ئەم جۆره کەسانه تاکو ئێستاش لەتەمەنی هەرزەکاریدا دەژین تەنانەت ئەگەر بەتەمەنیشدا چووبن، هەروەها له هەموو شتێک نموونەیی بن جگه له خۆشەویستی چونکه ئەوکەسانه حەز له شتی نەناسراو و گۆڕان دەکەن و لەسەر ڕایەکی دیاریکراه جێگیر نابن و بەوەش جیادەکرێنەوە که زۆر به غیرەتن.

دوازدەهەم:.کچان به زۆری وێنەی چەتر یان دەم و چاوی کچ که قژیان درێژە دەکێشن یاخود وێنەی سندوق دروست دەکەن که به سندوقی دیاری دەچێت، ئەو کچەی ئەم وێنانه دروست بکات بێ گومان به کێشەیەکی سۆزداری داڕەت دەبێ که له جۆری شەرمەندەیه و له هەوڵی ئەوە دایه سەرجەم هێز و تواناکانی کۆبکاتەوە بۆ بڕیاردانێک له بواری سۆزداری بەڵام ناتوانێت چونکه ئەم جۆره کچانه له ترسێکی هەمیشەیدا دەژین لەو کەسانەی خۆشیان دەوێن که تیابچن یاخود هەست دەکەن پێویستی یان به پاره و پول هەیه یان نهێنی یەکیان هەیه له شاردنەوەی بێزارن.

سێزدەهەم:. ئەوکەسانەی وێنەی دیوار یان شووره یان چاو وڕەنگ و شێوەی جیاواز دەکێشن ئەم جۆره خەڵکانه گەمارۆدراون و هەست به دڵ تەنگی دەکەن و بەدەست بارێکی چاوەڕوانکراو بۆ شتێک یان ئامانجی کارێک دە ناڵێنن هەروەها له شاردنەوەی نهێنی یەکان و مەبەسته نەناسراوەکان دەترسن شورەکان بۆ ئەوان بەندیخانه و چاوەکان دەروون دەنوێنن وە به شێوەیەکی گشتی وێنه کێشان نیشانەی هەست کردنه به گوناه و تاوان.

چواردەهەم:. بەڵام ئەوانەی نەخش و هێڵی خوار و خێچ و شەپۆڵاوی دروست دەکەن ئەوانه کەسانێکن دان به شتێ دانانێن ناوی ڕێز یان شکۆی دەروون بێ و هەمیشه داوای لێبوردن و لا خۆش بوون دەکەن تەنانەت ئەگەر لەسەر هەڵەش بن هەروەها زۆر دووڕوو تەڵەکەبازن و زۆربەی ئەوانه له سیاسەتمەدارانن چونکه بەردەوام له بارێکی نائاسایی و چاودێری و ماندوویی یدا دەژین.

پازدەهەم:. بەڵام ئەوانەی شێوەی پاپۆڕ و فڕۆکه له کاغەز و نایلۆن دروست دەکەن یاخود تێکەڵا و پێکەڵێک دەکێشن به پێنووس هێڵا لەسەر شێوەی زکزاک بەتەنیشت یەکەوە دروست دەکەن ئەو جۆره کەسانه ئالودەی سەفەرکردنن و حەزدەکەن له جم و جۆڵا دا ئازاد و سەربەست بن ئەگەر هەندێکیان لەوە بێ بەش بن هەروەها ئارەزوو مەندی کارکردنن بۆ سەلماندنی بوونی خۆیان بۆیه هەست به نیگەرانی و دڵە ڕاوکێ ی بەردەوام دەکەن و بەدوای دڵنیایدا دەگەڕێن هەروەک هەندێکیشیان ڕەش بین دەبن ئەوەش به هۆی تەنیایی و دەروون ماندوویی یان بێ وورەیی و به زیوی دەروون.

ئێستا.... ئاخۆ تۆ کێ ی ؟

# کتێب خوێندنەوەو گەشەی منداڵان

ئا: حەسەن نازدار



لەوە دەچێت هێشتا هەر یادەوەری ئەو شەوانەی کەدایکتان چیرۆکی بۆ دەگێڕانەوە و پاشان بە خەیاڵانێکی ڕەنگاوڕەنگەوە خەوتان لێ دەکەوت ,بۆتان چێژ بەخش بێت.

کتێب خوێندنەوە ,ڕۆلێکی گرنگی لەگەشەی زەینی وسۆزی منالاندا هەیە ,کتێب خوێندنەوە بۆمنالان ,دەبێتە هۆی بەهێزکردنی پەیوەندی منال لەگەڵ دایک وباوکیداو زەمینە بۆ داهێنان وبیرکردنەوەی منال هەموار دەکات ,منالان کاتێک لەلای دایک و باوکیان دادەنیشن وئەوانیش چیرۆکیان بۆ دەخوێننەوە ,زیاتر هەست بە دڵگەرمی و ئاسایش دەکەن وچێژ لە دانیشتن لەلای دایک وباوکیان وەردەگرن ,هەروەها پەیوەندی جەستەیی وبیستنی دەنگی دایک وباوکیان ,دەبێتە هۆی هێنانە کایەی یادەوەریەکی خۆش لەگەڵ کتێب لەزەینی منالەکەدا ,ئەڵبەتە سوودەکانی کتێب خوێندنەوە ,بەمانە کورت ناکرێنەوەوکۆتاییان نایەت ,لێکۆڵینەوەکان نیشانیان داوە , ئەومنالانەی کە بەردەوام چیرۆکیان بۆدەخوێنرێتەوە ,زۆر خێراتر لەمنالانی ترفێری خوێندن ونووسین دەبن.

مارک توین دەڵێت)کەسێک کەکتێبەباشەکان ناخوێنێتەوە ,هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ نەخوێندەوارەکاندا نیە).

منالان لەتەمەنی منالیدا ناتوانن کتێب بخوێننەوەو بۆکتێب خوێندنەوە بە دایک وباوک ومامۆستایانەوە وابەستەن ,منالان بەسوود وەرگرتن لەهاوکاری گەورەکان دەتوانن سوود لە بابەتی کتێبەکان وەرگرن وزانیاری زۆرتر لەبارەی دونیای دەوروبەر ی خۆیان وەرگرن.

(دایکان وباوکان وکتێب خوێندنەوە بۆ منالان)

وەک دایک وباوک دەبێت هەرچی زووترە دەست بە کتێب خوێندنەوە بکەن بۆ منالەکانتان ,تەنانەت چاکترە ئەم کارە لەیەکەمین ڕۆژەکانی پاش لەدایک بوونەوە دەست پێ بکرێت ,تەنانەت منالەکانیش لە بیستنی دەنگی کێشداروئاوازداری دایک وباوکیان چێژ وەردەگرن ,منالانی

قۆناغی سەرەتایی بەدانیشتن لەلای دایک و باوکیان لەکاتی کتێب خوێندنەوەدا چێژ وەردەگرن ,منالێک کەهەر ڕۆژەو هۆنراوە و چیرۆک گەلێکی سەرنج ڕاکێش لەزمانی دایک وباوکیانەوە دەبیستن ,بەئەگەری زۆریشەوە لەگەورەیشدا ئەو ئارەزوەی بۆ کتێب دەمێنێتەوە ,جگە لەوەی کە منالێک کتێبی خۆش دەوێت ,ئارەزووی زیاتری خۆی بۆ فێربوونی خوێندنەوەو نووسین نیشان دەدات.

لەگەڵ ئەوەدا کەلە دونیای ئەمڕۆدا زۆرێک لەئێمە لەگەڵ گرفتی کەمی کاتدا ڕووبە ڕووین ,بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا دووبارە دەتوانین کاتانێک پەیدا بکەین تابۆمناڵە کانمان هۆنراوەوچیرۆک بخوێنینەوە ,کاتی جل گۆڕین ,کاتی شیردان ,یان نان خواردن ,کاتی خەو ,تەنانەت کاتی ڕۆژنامە خوێندنەوەش دەتوانن شتانێک بۆ منالەکانتان بخوێننەوە ,لەڕاستیدا بەبێ خەرجدانی کات یان پارەی زۆر , دەتوانیت منالەکەی خۆت بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ هانبدەیت بۆکتێب خوێندنەوەو ئەڵبەتە زەمینەی هەرچەند زۆرتربێت ,زیاترئەو فەراهەم دەبێت.

## چ کاتێک کتێب بۆ منالەکانمان بخوێنینەوە؟

هەرچی زووتر کتێب خوێندنەوەبۆ منالی شیرەخۆرە وتازەبەدونیا هاتوودەست پێ بکەیت چاکترە ,خوێندنەوەی هۆنراوە یان چیرۆک بەدەنگی بەرز بۆمنالانی زۆربچوک و کەم تەمەن دەتوانێت ئارام بەخش بێت. کاتێکی دیایکراوجێگیربۆ خوێندنەوەی کتێب بۆمنالەکەتان ( ١٠تا٣٠خولەک) دابنێن , ئەڵبەتە بەتەمەنی منالەکەتانەوە پەیوەستە ,ئەگەر لەم کاتەدا کتێب گەلێک کەبۆ منال سەرنج ڕاکێشە بخوێننەوە ,هەمیشەش چاوەڕێی ئەم کاتە دەکات.

تەنانەت لەپاش ئەوەش کەمنالەکەتان فێری خوێندن ونووسین بوو ,هێشتاهەر بەردەوامبن لەسەر کتێب خوێندنەوە بەدەنگی بەرز بۆی ,منالێک کەتازە فێری خوێندنەوەو نووسین بووە , هێشتا هەر چێژ لە بیستنی چیرۆک دەبینن ,ئەگەربینیتان کە منالەکەتان چەند کاتێک ئارەزووی خۆی بۆ کتێب خوێندنەوەنیشان نادات ,واچاکترە کاری خوێندنەوەکە بخەنە کاتێکی ترەوە.

## چ کتێبێک بۆ منالەکانمان بخوێنینەوە؟

چاکترە کتێب گەلێک بە بابەتانێکی جۆ ر ا و جۆ ر هە ڵبژ ێر ن , بە ڵا م هێشتا هە ر کتێبا نێک هە ڵبژ ێر ن کە بەشێک بن لەئارەزووەسەرەکیەکانی منالەکە ,منالەکەتان لەوانەیە کۆمەڵە کتێبێکی بەبابەت گەلێکی چون فەزاو فەزاگەڕیەوەبگرە تامێروەکانی حەزلێبێت , لێگەڕێن تامنالەکەتان سوود لەم بوارە وەرگرێت بۆلێکۆڵینەوەو کەشف کردنی ئارەزوەکانی.

لەبیرتان نەچێت کەئارەزووی گوێ گرتن لەکتێب خوێندنەوەی گەورەکان زۆرگرنگترە لەتوانای خوێندنەوەونووسین ,چوون لەکاتێکدا ئارەزوی لەکتێب کرد ,خۆی بۆ خۆی ئارەزو لەخوێندنەوەو نووسینیش دەکات ,ڕاوێژ بە پەروەردەکاریان مامۆستای منال یاخودبەڕێوەبەری کتێبخانە یان کتێبفرۆش بۆهەڵبژاردنی کتێبی گونجاو بۆ منالەکەی خۆتان بکەن ,دەتوان سوودلە پێڕستی کتێبە پڕ فرۆشەکانی منالانیش وەرگرن.

## چۆن کتێب بۆ منالەکانمان بخوێنینەوە؟

بەرلەوەی کەکتێبەکە بۆ منالەکەتان بخوێننەوە ,ماوەیەک بۆخوێندنەوە ولێکۆڵینەوە دیاری بکەن وبزانن ناوەرۆکی کتێبەکە چییە؟ ,حەتمەن جارێکیش بۆت کرا بەرلە خوێندنەوەی بۆ منالەکە ,خۆتان بیخوێننەوە ,لەم شێوەیەدا ئیترلەکاتی خوێندنەوەی کتێبەکە بۆ منالەکە ڕووبەڕووی گرفت نابنەوە.

چاکترە کتێبانی وێنەدار هەڵبژێرن ,پێویست ناکات ڕستەکان وەک خۆیان بخوێننەوە , باشترە بە ئاماژە بە وێنەکانی کتێبەکە ڕستە نووسراوەکان بەزمانی خۆتان بگێڕنەوە ,لەکاتی خوێندنەوەی کتێبەکەدا منالەکە لەلای خۆتان دانیشێنن ,تا ئەویش بتوانێت وێنەکان ودەقەکان ببینێت ,پەنجە ی خۆتان لەسەر وێنەو ڕستەکان بجوڵێنن ,تا ئەویش بزانێت کام بەشی کتێبەکە دەخوێنیتەوە ,ئاگاداری ئەوە بن کە هەندێ لەمنالان حەزناکەن ماوەیەکی زۆر لە شوێنێکدا دابنیشن ,لەبەر ئەمە قورس مەیگرن و لێگەڕێن منالەکەتان ئاسوودە بێت.

هانی مندالەکەتان بدەن بۆ بەشداری لەکاری خوێندنەوەی کتێبەکەدا ,بۆ نموونە داوای لێ بکەن وێنەکانی ناو کتێبەکانتان بۆ ڕوون بکاتەوە , یان تەنانەت بە بۆ چوونی ئەو , ئەو ڕووداوەی لەبەشی دوایی چیرۆکەکەدا ڕوودەدات چییە؟.

بەئارامی بخوێننەوەو جۆش وخرۆش لە دەنگتاندا هەبێت.

کاتێک بۆ گفتوگۆ لەبارەی چیرۆکەکەوە دابنێن ,خێرایی لە تەواو کردنی چیرۆکەکەدا لای منالەکە بەهیچ شێوەیەک جێگای خۆشحالی وخوازراونییە.

لەمیانەی خوێندنەوەی کتێبەکەدا ,لەوانەیە منالەکە پرسیارگەلێک لەئێوە بکات , لەبەر ئەوە بەر لە خوێندنەوەی کتێبەکە ,خۆتان بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە ئامادە بکەن ,بۆ پەروەردە کردنی بواری داهێنەری منال چاکترە , پرسیارانێک بە وەڵامی ئازادەوە لە منالەکە بپرسن ,بۆ نموونە دەتوانن بپرسن) بەڕای تۆ ,ئێستا گورگەکە چی دەکات؟.) , ,بەم شێوەیە بوارێک بۆ گەشەی خەیاڵ وداهێنەری منال فەراهەم دەبێت.

سەبەتەیەک یان قوتویەک یان کۆمیدێک بۆ پاراستنی کتێبی منالەکەتان ئامادەبکەن , بەم شێوەیەش ئەو فێردەبێت پارێزگاری لەکتێبەکانی بکات ونرخیان بزانێت.

سەرچاوە: سایتی (togam).

# ئاستەنگەکانی بەردەم گوێگرتنی کاریگەر

ئامادەکردن و وەرگێڕانی اسماعیل عبدالرحمن عبدالله پیرداودی
، مامۆستای زانکۆ



لە ژمارە ١٣ ی گۆڤاری برەو لەکانونی یەکەمی ساڵی ٢٠١٣ دا بابەتێکم بەناونیشانی هونەرەکانی گوێگرتنی کاریگەر بڵاوکردەوە بۆیە لەم بابەتەی ئێستامدا بەچاکمزانی ئاماژە بەچەند ئاستەنگ و لەمپەرێکی بەردەم گوێگرتنی کاریگەر بکەم بەو هیوایەی کە خۆمانیان لێبەدوور بگرین تاوەکو ببین بەگوێگرێکی کاریگەر. لەڕاستیدا ئاستەنگ گەلێکی زۆرهەن لەبەردەم پرۆسەی گوێگرتن بەڵام لێرەدا ئاماژە بەهەندێکیان دەکەین.

## ١.زانینی پێشوەختە

مەبەست لە خاڵە ئەوەیە کەگوێگر پێیوایە کە ئەو قسەیە دەزانێ بەر لەوەی قسەکەرەکەی لە قسەکانی بێتەوە، ئەو کات گوێگر بە بەبێ ئارامی پەنا دەباتە بەر قسەپێبڕنی قسەکەرەکەوە، و هەوڵ دەدات رستەکە یان قسەکەی بۆ تەواو بکات.

لەمەش خراپتر ئەویە کە قسەی قسەکەرەکە ببڕێت بە قسەیەک بە پێچەوانەی قسەی ئەو بێت، ئەمەش کێشەیەکی بەربڵاوە کە لەکاتی گفتوگۆدا تورەبوونی بەرامبەری لێدەکەوێتەوە، و دەبێتە هۆی لەباربردن و وێرانکردنی کفتوگۆیەکە بەخێرایی. کاتێک قسەی قسەکەر دەبریت و لێیناگەڕێیت قسەکانی تەواوبکات، ئەمە مانایی ئەوە دەگەێنێ کە لەبنەڕتدا تۆ بەهات بۆ قسەکانی ئەو دانەناوە. زانینی وەلآم ئاستەنگێکە کە وا دەکات گوێگر بەزوویی بڕیاری پێشوەختە بدات لەسەر قسەکانی قسەکەر—ئەمەش بەشێوەیەک لە شێوەکان واتایی بیر تەسکی دەگەێنێت.

گوێگرێکی باش هەوڵدەدا بیرێکی کراوە و فراونی وەرگری هەبێت، هەوڵدەدا هەل بدۆزێتەوە تاوەکو بیری خۆی لێبکێشێتەوە لەکاتی گوێگرتنیدا، بۆ ئەوەی فێری بیرۆکەی تازە بێت، نەک بیرۆکە ئاشناکان دووبارە بڵێتەوە.

## ٢.هەوڵدان بۆ ئەوەی یارمەتیدەربیت

ئاستەنگێکی تری بەردەم گوێگرتنی کاریگەر بریتیە « هەوڵدان بۆ ئەوی یارمەتیدەربیت». هەرچەندە لەوانەیە ئەمە بەکارێکی ئەرێنی بێتەبەر چاو، بەڵام ئەمە دەست دەخاتە نێو گوێگرتنەکە چونکە گوێگر بیردەکاتەوە کە چۆن ئەو شتە چارەسەربکات کە دیاردەکەوێت وەک ئەوەی بەرامبەرەکە کێشەکەیەکی هەبێت، لەدەرئەنجامدا مەبەستی قسەکانی بەرامبەری لەدەست دەدات. پەندێکی کوردی هەیە دەلێ: «کەنگر و ماست لە وەختی خۆی خۆشە» بەم واتایەی هەموو هەست و نەستت لەم کارە بەکاربهێنە کە خەریکی ئەمجامدانیت. شایەنی جەخت لەسەرکردنەوەیە کە تەنها ئامانج لە گوێگرتن بریتیە لە گوێگرتن، هیچی تر، قسە پێبڕین بەمەبەستی پیشکەشکردنی ئامۆژگاری و هاریکاری بەرامبەر زنجیرەی گفتوگۆ لەناو دەبات، توانایی تێگەیشتنی گوێگر لە ئەزموونی بەرامبەر وێران دەکات.

زۆر کەس «گرێیەکی رزگارکەر»ی هەیە و پێوایە هەوڵ دەدا بۆ رزگارکردنی بەرامبەرەکەی لەکاتی قسەکردنیدا، قسەی پێدەبڕێت تەنها بەمەبەستی پڕکردنەوەی ئەم هەستەی خۆی. ئەم کردارەش دەبێتە رێگرێکی ترسناکە لەسەر پرۆسەی گوێگرتنی

کاریگەر.

### ٣ .مامەڵەکردن لەگەڵ کفتۆگۆ وەکو ململانێ

هەندێ کەس پێیوایە کە ڕازی بوون بەقسەکانی بەرامبەر لە گەرمەی گفتوگۆدا نیشانەکە لە لاوازی کوێگر دەردەخات، گوێگرەکان هەست بە بەناچاری دەکات تاوەکو ململانێی هەر خاڵێک دەکات کە لایەن کەسی بەرامبەریان بوروژێندرێت، ئەگەرچی لەوانەیە لە ناخی خۆییدا پێی ڕازی بێت. دواتر گفتوگۆکە دەبێتە مایەی ململانێ نێوان قسەکەر و گوێگر بەهیوای ئەوەی کامیان زۆرترین خاڵ بەدەست دەهێنێ بەهۆی دەمەقاڵێ نێوانیان. مامەڵەکردن لەگەڵ گفتوگۆکردن وەک ململانێ یەکێکە لە ترسناکترین ئاستەنگەکانی بەردەم گوێگرتنی کاریگەر.

### ٤ .خۆخەریککردن بەشتی لابەلاو لایدە

گرنگترین جۆرەکانی خۆخەریککردن چوارجۆرن: خۆخەریککردنی جەستەیی، بیروهۆشی (عەقلی)، و بیستن و بینین، هەریەک لەمانە دەبێتە مایەی دروستکردنی بەربەستێکی خراپ لەبەردەم گوێگرتنی کاریگەر.

### ٥ .بەهەڵە تێگەیشتن

نەتوانین لەوەی کە قسەکان بەتەواوی تێبگەیت یەکێکە لەو هۆکارانەی کە دەبنە هۆی بەهەڵەتێگەیشتن لە بەرامبەرەکەت.

### ٦ .قسەپێبڕین

قسەپێبڕین بە شێوەیەکی نەشیاو بە قسەگەلێکی نەشیاو یاخود بەکارنەهێنانی زمانی جەستەی گونجاو، کاریگەری نەرێنی دەبێت لەسەر کرداری بەرامبەرەکەت بەشێوەیەک نیشانەی نواندنی بێڕێزیشە بەرامبەر بەکەسی قسەپێبڕدراو.

### ٧ . گوێڕاتنی ساختە

هەندێک کەس لەکاتی گوێگرتنیان خۆیان وا نیشان دەدەن کە گوێرادێرن، بەڵام لەڕاستی تەنها دەنگەکان دەبیستن و هیچی تر تەنها خۆیی وادەنوێنی کە گوێی راگرتووە، لەوانەیە بەچاوەکانیشی سەیری بەرامبەرەکەی بکات و سەریشی بۆ بلەقێنێ، بەڵام بیرو هۆشی لە شوێنێکی ترە، تەنها بە جەستە لای قسەکەرە، لەوانە بیری لای ئەوە بێت کە بۆ نانی نیوەڕۆ چی بخوات یاخود بۆبەیانی چ جلێ لەبەر بکات!!! گوێڕاگرتنی ساختە مانایی نواندنی بێڕێزی و درۆزنایەتی تۆیە بەرامبەر بە قسەکەر.

### ٨ .دەنگە دەنگ و ژاوە ژاو

گشت دەنگە نەخوازراو و لابەلاکان دەبنە هۆی دروستکردنی ئاستەنگ لەبەر دەم پرۆسەی گوێگرتنی کاریگەر، کارێکی ئەستەمە لە ژینگەیەکی پڕلە دەنگە دەنگ و ژاوە ژاودا کەسێ بتوانی ببێتەگوێگرێکی باشی قسەکانی بەرامبەری.

### ٩ .ترس و دڵە ڕاوکێ

ترس و دڵە ڕاوکێ بەربەستێکی گەورەی بەردەم پرۆسەی گوێڕاگرتنی کاریگەرن، چونکە کرداری گوێگرتن توشی نالەباری ناجێگیری دەبێ لەلایەن ئەوکەسەی کەترسێکی زۆری لەسەرە بۆیە گوێڕاگرتنی کاریگەر لەبنەرتدا دروست نابێ.


سەرچاوە:

١. http://www.brighthubpm.com/resource-١٢٢٣٣٩/management-١٠-effective-listening-barriers-and-how-to-overcome-them

٢. http://www.sklatch.net/thoughtlets/listen.html







مسعود هەڵەبجەیی

١- لەدوای خولێک لە ئاشنابوونێکی تەواو هەنگاو هەڵگرە بۆ ها و سە ر گیر ی : لێکۆ ڵە ر ا نی بیانی،بۆچونیان لەسەر دووساڵ و چوار مانگە کەبە باشترین کاتە بۆ ئاشنابوون و یەکترناسین.

٢-بیرکەرەوە دەربارەی ژیانی هاوبەش: ئەو دوو هاوسەرانەی کەلە پێش هاوسەگیریەکەیانەوە لەگەڵ یەکتر دا دەژین،ئیحتمالی مەترسی تەڵاق لەمانەدا زیاترە!!!

٣-خۆتبگرە تا کەمێ گەورەتربیت!ئامار و توێژینەوەکان دەڵێن:کە ئەگەر تۆ لەدوای تەمەنی٢٥ساڵی هەنگاو هەڵگری بۆ پرۆسەی هاوسەرگیری،هاوسەرگیریەکەت چانسی سەرکەوتنی باشترە.

٤-قسە لەگەڵ یەکتر بکەن سەبارەت بەو مەسەلەگەورانەی کەتایبەتە بە ژیانی هاوبەشیانەوە لە پێش هاوسەرگیری کردن: هەریەکێ لەئێوە حەزدەکەن چەند منالێکتان هەبێت؟باسکردن لەسەر ئەم جۆرە پرسیارانە لەپێش ڕۆشتنە ماڵی خۆت و مانگی هەنگوینی زۆر گرنگە.زانیاری و ڕاوێژکردن لەپێش هاوسەرگیریەوە دەتوانێ یاریدەدەری تۆبێت تاوەکو دیدت بۆ ئەم مەسەلەیە فراوانتر و ڕوونتربێت.

٥-ئێوە دەتوانن گفتوگۆ لەگەڵ یەکدی بکەن،ئەڵبەتە ئاگات لێبێت گفتوگۆکەتان نەبێتە جەنگی جیها نی سێیە م ! ! ! گفتو گۆ کر د ن و قسەکردن،بەشێکی سادەی لەپەیوەندیەکانە و بە گفتوگۆکردن لەگەڵ هاوسەرەکەتدا پێشبینیکردن نیە بەرەو تەڵاق و جیابوونەوە،بەڵام شێوەی کفتوگۆکەی تۆ وەک (کەتمان و لونسۆن) کە دوو لێکۆڵەرن کە پرووپاگەندە دەکەن دەتوانن لە ڕێگای تەماشاکردنی یەکتری یەوە پێشبینی ئەوە بکەن کە ئایا گەشتوونەتە تەڵاق یانا.ئەم کارەش بەم شێوە ئەنجامدەدەن:هەردوولا لەگەرمەی قسەکردندا لەگەڵ یەکتر،تاچەند بەخراپی یان باشی سەیری یەکتری بکەن.دەبێت لە کاتی قسەکردندا خۆمان لەم شتانە بەدووربگرین:ڕەخنە،هەڕەشەکرن،پەچەک ڕداری نادروست.ئەوە بزانە کە بەنەرمی و بەشێوازێکی جوان و مهرەبان گفتوگۆ بکەین

٦-هەندێک لە کارەکانتان لەگەڵ یەکتردا ئەنجام بدەن:

بەڵێ،هەردووکتان بەنیازن کە پەیوەندی و سەلیقە شەخسەکانتان هەبێت.بەڵام ئەگەر لە ئەنجامی کارەکاندا، بەلاڕێدا بەرێ،ئەوا کەم کەم دەست دەکەیت بە جیابوونەوەی لە هاوسەرەکەت.بۆ نمونە، بەرنامەیەک کە پیاوی ماڵ بیکات وەک چوونە دەشت و دەر یان ڕاوکردن کەتا سەر لەئێوارە بخایەنێ،یان بەرنامەیەک وەک ژنی ماڵ بیکات،؟!؟!بەبەشداری لەو سەرقاڵیەدا کەهەردوویان چێژی لێوەردەگرن،لەبیرت بێت کە چۆنچۆنی دووبارە بکەویتەوە پەیوەندیەکانی جارانت.وەئەوە گرنگەکە:کاتێک دابین دەکەیت بۆ لە یەکتر نزیک بوونەوە،تەنانەت کاتێک کە هاوسەرەکەت تۆ بە جێناهێڵێ.

٧-کارەکان پێکەوە دابەشبکەن و ئەنجامیان بدەن:

ئەگەر یەکێک لە دوو هاوسەر هەموو کارەکانی ماڵە وە ئەنجامبدەن و ئەوی تریان بێ خەم بێت لەکارەکان،بۆیە ئەم کارە هەردوولا لە تەڵاق نزیک دەکاتەوە.

٨-تا دەتوانن بەڕێزەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ یەکتر بکەن:هەندێ کات هەڵسوکەوتەکانمان لەگەڵ نەناسراوەکاندا باشترە لە هەڵسوکەوتەکانمان لەگەڵ ئاشناکان!خراپ نیە کە لەخۆمان بپرسین.ئایا من لەگەڵ نزیکان و هاوڕێکان و ئاشناکان و هاوکاران و تەنانەت غەریبەکاندا بەڕێزەوە هەڵسوکەوت دەکەم؟ئایا دەتوانم هەڵسوکەوتم باشتر بکەم؟!!کاتێک دابنێن لەبۆ باشتر ناساندنی یەکتر و لەبیرتان نەچی کەئەم دەستەواژانە بەکاربهێنن.



# خۆشەویستە درەوشـ

نووسینی: رابەر ئەحمەد وەرتی

**٩-ئەگەر لەژیانتدا ڕووبەڕووی کێشە و مەشاکیلێکی ناتوانیت بەسەریدا زاڵ ببی،یارمەتی وەربگرە:**

ئایا توشی خەمۆکی بوویت؟ئایا یەکێ لەئێوە توشی خەرجکردنی داو و دەرمان بوون؟وە ئایا ی تر..

ئەگە تۆ بەدوای چارەسەرکردنی ئەم مەسەلەیەوە نەبیت،وردە وردە چانسی نزیک بوونەوەت دەبێت لە تەلاق و کێرڤەکەت بەرەو بەرزبوونەوە دەچێت. خراپ نیە کە بەدوای حەلی ئەم کێشە یەوەبیت بۆیە تۆ دەتوانیت بەسەردانکردنی سەنتەری راوێژکاری تواناکانی خۆت لەبۆ چارەسەری ئەم کێشەیە بەرزکەیتەوە و ژیانێکی باشتر بۆ خۆت بسازی.

**١٠-لەگەڵ کەسێکدا کە دەتەوێ هاوسەرگیری بکەیت هاوسەرگیری بکە!!!**

وادەردەکەوێت کەئەم وتەیە زۆر ڕوون بێت و هەموو کەسێ لێی تێبگەن،بەڵام ڕاستیەکەی ئەوەیە کە ئێمە زۆربەمان ئەم وتەیە لەبەچاو ناگرین و لەگەڵ کەسانێکدا هاوسەرگیری دەکەین کە کەسانێک بەڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دەیانەوێ ئێمە لەگەڵ یەکتردا هاوسەرگیری بکەین!ئەگەر وابیرت دەکردوەتەوە کە هەموو شتێ دەگۆڕێ لە دوای گواستنەوەی عەلقەی دەزگیرانی لەپەنجەی ڕاستەوە بۆ پەنجەی چەپ و هەموو شتێ باش دەبێت،ئەوا هەڵە دەکەیت.شکست لە ژیاندا چاوەڕوانی تۆیە.کەسێ بدۆزەرەوە کە ئەو شتانەی خۆشبوێ کەتۆ خۆشت دەوێت.

مسعود محمد هانەژاڵەی

ژت٠٧٥٠١١٣٢٠٤

# اوەکەم

ئازیزی دڵم! نووری چاوانم! سەرچاوەی ژینم! مەلهەمی دەردانم! بینایی لێڵیم.. خۆشەویستە درەوشاوەکەم!

هەرچی مەرەکەبی قەڵەم، هەرچی ووشە و شیعر، هەرچی گۆرانی خۆشەویستی و، هەرچی دڵ و سۆز هەیە.. هەموویان بەیەکەوەش هەر ناتوانن خۆشەویستی منت بۆ دەرخەن! گەر منیش توانیبوومایە ئەوە لەبەردەم خۆتا پێم دەووتی کە هێندە و هێندە خۆشم دەوێیت بەڵام بڵێم چی کە خۆشەویستییەکەم بێ گوزارشتە! هەر کە باسی تۆ دەکەم فرمێسکەکانیشم بەشداری دەکەن..! خونچەی بەهارم! گەر ووتم تۆ سەرچاوەی زیندەگیت، رۆشنکەرەوەی رێگایت، دەلیلی خۆشەویستیت.. باوەڕم پێ بکە! هەرکاتێ کە دەگەڕێمەوە ماڵێ، یەکەمین جار و هەوەڵین کارم گەڕان بەدوای تۆیە، هەر دەپرسم 'کوا دایە؟! هەتا دەتدۆزمەوە، نەک بەس منیش، زۆربەی رۆڵە بەوەفاکانی دایک هەر وان.. نازەنینەکەم! تۆ زۆر گەورە و پیرۆزیت، بێ رەزامەندیت من بێ بەهەشت دەبم! چونکە بەهەشت لەژێر پێی تۆ دایە.. دایەی شیرینم! هەموو کات نزا دەکەم تەمەنت لە هی ئێمە درێژتر بێت، چونکە دەزانم بێ تۆ ژیان نیست! هەموو کات کە بێ تۆ دەچمە شوێنێ نائارامم، چونکو تۆ لێم دووریت و بەتەنها خەریکی گوزەرانم! قوربانت بم، کاتێ هەست دەکەم تۆ و بابە لێم ڕازین وادەزانم هەموو دونیا هی منە، ئەمن بۆ هەمیشە قەرزاری ئێوەم، قەرزاری پەروەردەکەتانم، خۆشەویستی یەکەتانم.. سوێند بەخوا هیچ شتێکیش نی یە قەرزەکانی ئێوەم پێ بداتەوە.. کاتێ داوای شتێکم لێ دەکەن بێنرخی من دەنوێنێ گەر نارەزایی دەربڕم.. فریشتە ئاساکەم! باڵە نایابەکانتن کە بەردەوام بۆنی باوەشی میهرەبانیم پێ عەتا دەکەن, مووەکانی تۆن کە لەپێناومدا سپی بوون, دڵەکەی تۆیە کە لەدووریما ئەبرژێت, چاوەکانی تۆن کە بە تەندروست خراپیم فرمێسکیان لێ ئەتکێ.. رۆحەکەم دایە گیان! پارێزەری هەمیشەییم دوعاکانتە، ئەوە هەر ئەتۆی گەر بچووک بم یان گەورە، گەنج یان پیر، هەر ئەو خۆشەویستی یەت بۆم هەیە کە بێ سنوور بووە، تۆ بۆ من وەکو دەیان و سەدان مامۆستای قوتابخانەکانیت، ئەها بیرتە کاتێ هەندێ شتم نەدەووت بەڵام تۆ رێک لێیان دەگەیشتیت! نە من و نە برا و خوشکانم، خۆشەویستیت بۆ هیچ کاممان زیاتر نەبووە و نی یە، هەمووومانت وەک یەک خۆشەوێ، ئەو خۆشەویستی یەش پێش دیدەنی ئێمەت بووە!

بەسۆزەکەم! ئەو سەرکەوتنانەی کە بەدەستم هێناون بەهۆی هیوایەکانت بوون و, منیش بەهۆی تۆوە هەوڵم بۆیان دا.. بوژێنەرەوەکەم! هەموو کات هەوڵم داوە دڵی تۆ کە چەندە گەورەیە نەیرەنجێنم، هەرچەندە باوەڕناکەم دڵی تۆ بڕەنجێ, چوون پڕیەتی لە میهرو سۆز و لێبووردەیی..

گیانەکەم، دەریای ماسی یەکانم, نووری ماڵەکەم.. تۆ شایستەی زۆر لەوە زیاتری کە بەهەشتت بە باوکمەوە پێ بدرێت، ئەی خۆشەویستە درەوشاوەکەم! دیسان دەڵێم خۆشەویستییەکەم بەحرێکی بێبنە, تاکە هیوام ئەوەیە کە تەمەنت لە هی ئێمە درێژتر بێت و, لێمان ڕازی بێت..



# خێرا بڕیار مەدە

ئاسۆس انور سلێمان



بڕیادان کارێکی ئاسان نییە و نابێت پەلەی تێدا بکرێت، وەک چۆن ناشبێت تەنیا ڕووکەشی کەسەکان و ئاکاریان لەیەک چرکەساتی بینیندا ببێتە مایەی بڕیاردانی ئێمە، کەواتە ڕەفتاری دیاریکراوی کەسێک لەیەک بینیندا هەڵەیە ببێتە مایەی دیاریکردنی جۆری کەسایەتی ئەو لەلایەن ئێمەوە، بەڵکو دەبێ بزانین ئایا پاڵنەری ئەم ڕەفتارەی چییە، بۆچی ئەو کەسە ئەم هەڵسوکەوتە دەنوێنێ، ئایا هەمیشە ئاوایە، یاخود هەر ئێستا، بۆ نموونە: ئەگەر یەکێک بەرامبەرت قاچی درێژ بکات، یاخود بیانخاتە سەر یەکتر، نابێت خێرا بڵێیت ئەو کەسێکی بێ ڕێزە، چونکە لەوانەیە ئەو نەتوانێت وەک تۆ دانیشێت، یان دکتۆر ئاگاداری کردۆتەوە لەوەی کە دەبێت بەمشێوەیە دابنیشێت، تەنانەت هەندێکجار کەلتووری جیاواز ڕۆڵی دەبێت، بۆ نموونە: لە کەلتووری ئێمەدا ئەگەر تۆ لەبەردەم چەند کەسێک بتەوێت شتێک بخۆی ، سەرەتا فەرمووی بەشداریکردن لەوانی دیکە دەکەی بۆ خواردنیان لەگەڵ تۆ،،، کەچی لە کەلتووری زۆربەی میللەتانی ڕۆژئاوا جیاوازە،، ئەوان کاتێک شتێک دەخۆن فەرموو لە دەوروبەر ناکەن بۆ خواردن.... بۆیە نابێت ئەو ڕۆژئاواییە بە کەسێکی ڕەزیل یاخود بێ ڕێز لەقەڵەم بدەین... بەڵکو ئەو پابەندی کەلتووری تایبەت بەخۆیەتی و لەناو خۆیاندا کارێکی ئاساییە.

ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە ، هەمووجار وێنەکان ڕاستی شتەکان دەرناخەن، یاخود ڕوونتر بڵێین (نابێت بەوانە هەڵبخەڵەتێین کە دەیانبینین).

من نموونەیەکی ئەزموونی مامۆستایەتی خۆم بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتە دەهێنمەوە، کەوا ڕووداوێکی ڕاستەقینەیە:

لە پەیمانگەدا یەکێک لە قوتابییەکان گرفتێکی تەندروستی هەبوو... سەری خۆی بۆ ڕانەدەگیراو جاروبار بەبێ کۆنترۆڵی خۆی سەری دەلەقی و دەجولا. ڕۆژێکیان یەکێک لە مامۆستاکان لەکاتی وتنەوەی وانەکەیدا بینی یەک دووجار ئەو قوتابیە سەری دەجولێنێت، بۆیە خێرا تووڕە بوو، بەدەنگێکی بەرز

هاواری کردە سەر قوتابیەکەو وتی دواجارە ببینم سەرت بلەقێنی، تێگەیشتی!! ئیتر لێتی قبووڵ ناکەم!! قوتابییەکە لەشەرم و لە هەستکردنی بەو کەموکورییەی لە جەستەیدا هەبوو، بێدەنگ بوو، بەهەناسەیەکی ساردەوە سەری خۆی داگرت.

دوای یەک دوو دەقەی تر هەمان حاڵەت ڕووی دایەوە، واتە دووبارە سەری قوتابییەکە دەستی بەجولە کردەوە، ئەگەرچی بۆخۆی نەیدەویست ئەوە ڕوویدات ، لەوکاتەدا مامۆستاکە تۆقرەی نەماو ڕووی کردە قوتابیەکەو وتی: هێی تۆ هەستە برۆ دەرەوە،،،، لەوکاتەدا قوتابییەکە سەری خۆی داگرت و بەگریانەوە لەپۆلەکە چووە دەرەوە ..... گریانی قوتابیەکە پرسیاری لای مامۆستاکە دروستکرد و سەیرێکی قوتابیەکانی تری کرد، لەوکاتەدا یەکێک لە قوتابیە کچەکان وتی مامۆستا گیان، ئەو کورە بەئارەزوو واناکات، بەڵکو ناتوانێت سەری خۆی ڕاگرێت، ئەگینا یەکێکە لە زیرەکترین و بەڕێزترین قوتابیانی ئەو پۆلە،،، هەر ئەمەشە هۆکاری گریانەکەی.....

ئیتر مامۆستا وانەکەی بۆ تەواو نەکراو ڕوخسەتی خواست و پۆلەکەی جێهێشت و دواتر داوای لێبووردنی لە قوتابییەکە کرد، بەڵام دوای چی ، ئایا نەدەکرا ئەمە ڕوو نەدات؟؟!

بەبڕوای من ئەگەر بمانەوێت خێرانەبین لە بڕیاردان لەسەر بەرامبەر ، ئەوا پێویستە لەژیانی خۆماندا یەکێک لە بنەماکانی (NLP) لەبەرچاوبگرین بەمەبەستی خوێندنەوەی بەرامبەر و بڕیاردان لەسەریان ، کە ئەویش بریتییە لە (افصل الشخص عن السلوک) ، واتە کەسەکە لە ڕەفتاری جیابکەوە. وەک ئاشکرایە هەندێک جار کەسانی زۆرباش هەڵە دەکەن، ئەوکاتە نابێت بڵێین ئەوە کەسێکی خراپە،،، بەڵکو ڕاستییەکەی ئەوەیە خۆت پاساو بۆ ڕەفتاری بهێنیتەوە وە بڵێی ،، دیارە هۆکارێک هەیە بۆ هەڵەی ئەو کەسە و گومانیش لەوەدا نییە ، کە هیچ مرۆڤێک تەواو و کامڵ نییە و هەموومان هەڵە دەکەین.

بۆیە پێشینان پەندێکی زۆر جوان و بەجێیان وتووە ئەویش ئەوەیە کە دەوترێت:
( گوڵە بە تاریکیەوە مەنێ)



# بالێبوردە بین

بەهرە جەمال

لێبوردن یەکێکە لە مەبادیئەکانی مرۆڤایەتی و بریتیە لە هەست کردن بەبەزەیی خۆشەویستی و حەنان وکرانەوەی دڵ، هەست نەکردنە بەتوڕەیی , لەبەرئەوەی هەمو کەس هەست بەهەڵەی دەورو بەری دەکات، بۆیە لێ بوردن دەخوازێت هەڵەکانیان پشت گوێبخەین .

لێبوردن بریتیە لەنیوەی بەختەوەری چونکە کاتێک تۆ لەگەڵ دەوروبەرەکەت لێ بوردەی دەورو بەریشت بەرامبەر بەتۆ لێ بوردە دەبن ، وە بریتیە لە قوبوڵ کردنی هەڵەی بەرامبەرەکەت جاهەڵەکە قەولی بێ یافیعلی. بەگشتی لێبوردن بریتیە لە بەخشینی هەڵەی کەسێک لەکاتێکدا توانای تۆڵەکردنەوەی هەبێ، ئەمەو گرینگیەکی زۆری هەیە لە بەدەست هێنانی ئامانجەکاندا، بەڵام لێبوردن کارێکی وا ئاسان نیە تەنها کەسانێک ئەتوانن ئەم سیفەتەیان تێدابێ کەخاوەنی دڵێکی گەورەو ئیمانێکی بەهێزبن، لێبوردن نابێ تەنها لەبەرخاتری دەورو بەرت بێت بەڵکو سودەکەی پێش ئەوەی بۆ دەوروبەرت بێت بۆخۆتە، بۆیە زۆجار وا پێویست دەکات لەبەرخاتری خۆمان لێبوردەبین. لێبوردن وەکو عەتروایە پێش ئەوەی بۆنەکەی بگات بەخەڵک ئەگا بەخۆت , چونکە گوتویانە دەروونی خۆت بەلێبوردن ئاسوودەبکە بەرامبەر دوژمنە سەرسەختەکەت.

لێبوردن بریتیە لەڕەوشتی تێکەڵاو بون لەگەڵ خەڵک و دەورو بەردا ئەوەتا پێغەمبەری ئازیزمان (**صلى الله عليه وسلم**) دەفەرموێ (**المؤمن الذي يخالط الناس ويصبر على اذاهم خير واحب الى الله من المؤمن الذى لايخالط الناس ولايصبر على اذاهم**)هەروەها خوای گەرەدەفەرموێ (( وَالْكَاظِمِينَ الْغَيْظَ وَالْعَافِينَ عَنِ النَّاسِ وَاللّهُ يُحِبُّ الْمُحْسِنِين ))

لێبوردن و عەفوکردنی خەڵک سیفەتێکی جوانی پێغەمبەربوە (**صلى الله عليه وسلم**) وەکو لێبوردنی پێغەمبەر(**صلى الله عليه وسلم**) بەرامبەر خەڵکی تائیف لەکاتێکا بەرد بارانیان دەکرد، هەروەها لێبوردەیی پێغەمبەر(**صلى الله عليه وسلم**) کاتێک گەڕایەوە شاری مەککە بەرامبەر موشریکەکان.

# وشککردنی سەرچاوەکانی نائومێدبوون

عبدالحکیم زراری



جەستەی کۆمەڵگا وەک جەستەی بایۆلۆجی، پێویستی بە وەرگرتنی ڤاکسین و بەهێزکردنی دەزگای بەرگری ناوەکییە، بۆ ئەوەی توانای خۆڕاگری و بەردەوام بوون و پشوو درێژی و کۆڵنەدانی هەبێت لە ئاست هەموو ئەو ئاریشەو قەیرانانەی کەرووبەڕووی دەبێتەوە، هەروەها پێویستە لە کاتی ئاڵوگۆڕی ژینگەی کۆمەڵایەتی و ئابووریو سیاسی و کلتووری و....، توانای خۆگۆڕین و کاژ فرێدانی هەبێت و جۆرێک لە هارمۆنییەت لە گەڵ رەوش و واقیعی تازەدا دروست بکات بەمەش بێگومان ئومێد و هیوا لە زەمینەی کۆمەڵگایەکی ئاوا لەم چەشنەدا زۆر بە ئاسانی رەگ و ریشە دادەکوتێ و پەڵ و پۆ دەهاوێژێت و هەر چی سەرچاوە و کانگای نا ئومێدیە سەر لەبەری وشک دەبێ و خۆی ناگرێت.



هەر بۆیە ئەرکی هەموومانە ئەو سەرچاوانەی دەبنە هۆی دروست بوونی نائومێد بوون لە گۆرانکاری و بەرەوپێشچوون ، هەرچی زووە وشکیان بکەین و بۆ یەکجاری نەیانهێلین. هەڵبەتە دیارە هەنگاوێکی لەم چەشنەش بێگومان لە خۆوە ناکرێت، بەڵکو پێویستی بە گرتنە بەری دوو رێگەی سەرکی دەبێت:

١- بە خۆداچوونەوەو چاکسازی و نوێگەری کردن لەو فۆرم و کلێشەیەی کە ئیدارەی ژیانی رۆژانەی خۆمانی پێدەکەین، واتە نابێت تەنها لەسەر یەک ریتم بروات بەرێوە و دەق بەم حاڵەتە کۆنەوە بگرێت.

٢- پێویستیمان بە پەروەردەیەکی ئەوتۆ هەیە کە لەسەر بنەمای پاراستنی کەسایەتی تاکەکان و بروابەخۆبوونیان دامەزرابێت لە پێناو بونیاتنانەوەی کۆمەڵگایەکی تەندروست وتۆکمەو بەهێز. هەروەک دەڵێن ئاواتی گەورە پیاوی گەورە دروستدەکات، بێگومان دەستەواژەیەکی لەم چەشنە تەواو پێچەوانەی حاڵەتی نا ئومێد بوونە، چونکە ئەگەر هەریەک لە ئێمە بە ئومێدو گەشبینییەوە لە ئایندەمان روانی،گومانی تێدانییە ئەوەی بۆی تێدەکۆشین و هەوڵی بۆ دەدەین زۆر بە ئاسانی دێتەدی و زوو یان درەنگ لە ئەرزی واقیعدا بۆمان بەرجەستە دەبێت. ئەگەر لە حالەتێک تووشی هەر نائومێدییەکیش بووین بەرامبەر ئەدای کارەکانمان و راپەراندنیان، ئەوا نابێ چۆکمان پێدابداو تووشی داروخانێکی گەورەبین، بەڵکو بەپێچەوانەوە پێویستە لەو نائومێبوونە سەرلەنوێ ئومێدێک بەرهەمبهێنین، چونکە زۆر جار ئەو نائومێدبوونە دەبێتە سەرەتاو دەستپێکێک بۆ لەدایک بوونی ئومێدی تر.

کە باس لە ئۆمێدبوونیش دەکەین، مەبەستمان ئومێدی وەهمی نییە کە بمانخاتە نێو ژیانی دونیایەکی یۆتۆپیدا، چونکە ئومێدێک کە نەتوانرێت بهێنرێتە کایەوە، بەڵکو هەر لە بازنەی خەون و خۆزگەو خەیاڵ خووڵ بخواو توانای شۆڕبوونەوەی بۆ ناو کایەکانی ژیان نەبێت، ئەمە ئاسنی سارد کوتانەوەیەو کوردەواریش لە مێژە وتوویەتی بەردی گەورە نیشانەی نەهاوێشتنییەتی.

نائومێدی دیاردەیەکی هێندە نێگەتیڤ و مەترسیدارە، بۆیە هەر کاتێک لە ناو هەر بوارێک لە بوراەکانی ژیانی هەر یەکەمان تەشەنەی کردو بووە حالەتێک و هەست بە بوونی کرا، ئەوا بێگومان شوێنەواری خراپ لەسەر کەسایەتی و خودی پرۆژەکانمان بەجێدەهێلێت و پاشان دوور نییە بگوازرێتەوە بۆ ناو خانە زیندووەکانی جەستەی کۆمەڵگا و وەک ڤایرۆسێکی کوشندە بەناو هەموو جومگەکانی بڵاوببێتەوە.

جاری واهەیە دروستبوونی نائومێدی رەنگە سەرچاوەکەی بگەرێتەوە بۆ کەسانی ئانارشی ( فەوزەوی)، کە بە جۆرێکی فەوزەوییانەو دوور لە بنەمای هەڵسەنگاندن، هەموو شتێک رەت دەکەنەوە و ئیشنەکردن و ناکارایی خۆیان بە هەڵوێستێکی پێویست و زەروری دەزانن، بۆیە بوونی ئەم جۆرە کەسانە لە ناو کۆمەڵگادا نائاسایی و ناتەندروستن، بەمەش لە دەرەنجامدا نەوەی دیکەی نەخۆش و ناتەندروست دروست دەکەن و قەیرانێکی هەمیشەیی بۆ پاشەرۆژی کۆمەڵگا جێ دەهێڵن.

نائومێدبوون لە گۆرنکاری و نوێبوونەوە و گەشەپێدان بە شێوەیەکی گشتی کێشەیەکی جەوهەرییە و لە داهاتوودا کار لەسەر زهنییەتی ئەندامانی ئەو کۆمەڵگایە دەکات کە ئەم پەتایەیان لەناودا بڵاودەبێتەوە،بۆیە پێویستە لەو کاتەدا کەسانی پسپۆر و شارەزا لە بواری دەروونزانی و کۆمەڵناسی، بە زووترین کات هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ئەم دیاردەیە دەستنیشان بکەن و بە پلانێکی بەرنامە بۆ رێژکراو رووبەرووی ببنەوە بۆ ئەوەی زیاتر لەوە تەشەنە نەکا بەڵکو لە هەوڵی دۆزینەوەی بەردەوامی رێگاچارەسەردابن لە پێناو بنبڕکردن و قەڵاچۆکردنی ئەم دەردە کوشندەیەی نائومێدبوونە .

ریشەکێشکردنی ئەم کێشەیەو چارەسەرکردنی، بۆ ئەوەیە کەسانی نائومێد بە ئومێد و هیواوە بێنەوە ناو گۆرەپانی ململانێ و خەبات و جارێکی تر بە گەرموگوڕییەوە تەوزیف بکرێنەوە،و لە پرۆسەی گەشەپێدانی کۆمەڵگا رۆڵی بەرچاویان هەبێت و بەشداربن لە زیاتر بەرەو پێشڤچوونی رێرەوی زانستی و کلتووری وڵاتەکەیان.


زەرەنگەری
زەمان
بەسەرپەرشتی/حسێنی بازرگان
Only one set of footprints
is when I carried
کرین و فرۆشتنمان
بەپێی نرخی رۆژو
ئۆنسەی جیهانییە
Zaman
goldsimth
سلێمانی بازاری نەورۆز
07701587595-07501510090- 07701510090



زنجیرەی بڕەو 01
ڕێبەری کارگێڕی
ADMINISTRATIVE GUIDE
زنجیرە باسێکی کورتی
کارگێڕیی و بەڕێوەبردن
دکتور عبدالکریم بکار
زنجیرەی بڕەو 02
ژیانی خێزانیی
FAMILYLIFE
چەند کورتە باسێك لەمەڕ پەیوەندی نێوان
هاوسەران و پەروەردەی نەوەکانیان دا



# کاری بەکۆمەڵ

## کلیلی ئاڵتونی پەیوەندیەکانە

ناصح برزنجی

بۆ هەندێک کەس دروستکردنی تۆڕی مرۆیی بە مانای دیدار , دروستکردنی کۆبوونەوە و یاخود پەیوەندی کردن بە کەسانی نوێ بۆ هاوکاری و گفتوگۆیە , تۆڕی سنوردار بەندە بە پەیوەندی بازرگانی نێوان دوو لایەن کە تیایدا هەر لایەنە لە گەڕان بە دوای ئامانج و قازانجی خۆیدایە , بەرهەمی ئەمەش دەبێتە جۆرێک لە هاوکاری , یاخود هەردوو لا لە بەردەوامی پەیوەندی نێوانیان پاشگەز دەبنەوە , ئەم شێوە لە وێنا کردن وا دەکات لە گرنگی دروستکردنی تۆڕی مرۆیی غافڵ بین , لە راستیدا تۆڕی مرۆیی لێزانینێکی گرنگە لە ژیانی کاری دا و لەو لێزانینە دەتوانرێت سوود وەربگیرێت بۆ کاروباری بازرگانی و دامەزراوەیی و تەنانەت تایبەتی و کەسیش .

تۆڕسازی و دروست بوونی پەیوەندییەکان مەبەست لە دروستبوونی پەیوەندی نێوان کەسەکانی ناو تۆڕێک , پێکهاتنی پەیوەندی و بەڵێنی درێژ ماوەیە , کە دەبێتە هۆی ئەوەی کە کەسەکان بەرامبەر بە خود و کەسانی دیکە ناسینەوەی باشتریان هەبێت و کارەکانیان بە هاوکاری کەسانی دیکە ئەنجام بدەن کە بە تەنهایی ناتوانن ئەنجامی بدەن , تۆڕی مرۆیی رۆڵێکی میحوەری لە دروستکردنی پەیوەندی لە گەڵ چینێکی بەرفراوان لە تاکەکان دروست دەکات کە دەتوانێت تاک لە گەیشتن بە ئامانج و سەرکەوتنی زیاتر هاوکاری بکات , ئەو ئامانج و سەرکەوتنانەی کە بۆ تاک گرنگی زۆری هەیە .

گرنگیەکانی تۆڕی مرۆیی

دروستکردنی تۆڕی مرۆیی گرنگی زۆری

پەیوەندییە دەتوانێت تاک لە گەیشتن بە ئامانجەکانی هاوکاری بکات ،ئامانجێک کە گەیشتن پێی بە تەنهایی کارێکی دژوارە ، خاڵی میحوەری ئەوەیە کە تۆڕسازی تێچووی ئەنجامی کارەکان کەم دەکاتەوە ، لە بیرتان بێت تۆڕسازی ڕێگەیەکی خێرا و ئاسان بۆ باشتر کردنی کارەکان لە کورترین ماوەدایە ، بەلام دەتوانێت بۆ کەسانێک کە ووزە و کاتی خۆیان بۆ سەرمایەدانان لەم ڕێگەیە خەرج کردووە ئەنجامی سودمەندی هەبێت .

تۆڕسازی کاریگەر چوار قۆناغی هەیە :

١- سەرمایە .investing

٢- هەڵگرتن .keeping

٣- فێرکردن learning

٤- گەشەکردن nurturing

مەفهومی تۆڕسازی

• هێزێکە کە لە ڕۆحیەی هاوکاری و هاوبەشی بوونی تواناکان بەرهەم دێت .

• هەست کردن بەوەی کە بە خۆمان و پەیوەندییەکانمان و کەسانێک کە پەیوەندییان پێمانەوە هەیە ڕێز دابنێین .

• ڕێگایەکە کە ئەوەی هەمانە و ئەو زانیارییانەی هەمانە پێشکەشی سیستمی بکەین و ئەو زەمینەیە ساز بکەین کە ئەم زانیارییە بە شێوەی بەردەوام لە تۆڕدا بوونی هەبێت .

•ریگەیەکی سیستەماتیکی کە بۆ دروستکردنی پەیوەندی نیوان کەسانێک کە ئیمە دەیانناسین لە گەل کەسانیکی تر کە خەلکی دیکە دەیانناسیت ئەم پەیوەندییە بە ئامانج و مەبەستی تایبەت شکل دەگرێت .

• پێشکەش کردن و هاوبەشی کردن و بەرگری لە کەسانی دیکە بی ئەوەی بمانەوێ ئیمتیازێک بە دەست بهێنین ، چونکە ئێمە خواستی سەعادەتی کەسانی دیکەمان هەیە .

• هاندانی خود بە ئالۆگۆری زانیاری و کۆشش بۆ گۆرانکاری کۆمەلگا و یا ژینگەی کار و دانانی سەرچاوە .

• دلنیا بوون لەوەی کە دەتوانین بێ کێشە داوای هاوکاری لە کەسانی تر بکەین .



هەیە لەوانە :

١- تێچوونێکی کەم و کاریگەرترین ئالیەتی بازارگەری یە .

٢- ئەگەر پەیوەندی تۆڕی مرۆیی بە جێگرەوەی پەیوەندییە تەلەفۆنیەکان دابنێین , لە هەشتا لە سەدی بابەتەکان ئەنجامی باشتر بە دەست دەهێنین

٣- هەفتا بۆ هەشتا لە سەدی کەسەکان پیشەی خۆیان لە ڕێگەی ئەم جۆرە تۆڕانەوە دەست دەکەوێ .

٤- هەر کەسێک کە لە گەڵی پەیوەندیت دەبێت لانی کەم لە گەڵ ٢٠٠ بۆ ٢٥٠ کەس تر لە پەیوەندی دا دەبیت و ئەم کەسانە بە شێوەیەکی باش ئەتوانن هاوکارت بن .

٥-هەر کەسێک کە لە جیهان بتەوێ دیدار یان پەیوەندی لە گەڵ بکەی لە ڕێگەی پێنج یان شەش پەیوەندی لە ڕێگەی ئەم تۆڕەوە لە بەردەستت دەبێت .

ئەگەر چی لەوانەیە ئەو شتانەی باس کرا بەس نەبێت بەڵام بزانن کاتێک پەیوەندییەکی دروست و ئەکتیڤ لە تۆڕدا دروست دەکەن ، سەرچاوەیەکی زۆر و بە نرخێکی کەمتر لە بەردەستدا دەبێت ، ئەم




خۆ بەکەم زانین ئەو دەردە کوشندەیە کەهەتا ماویت پێوەی دەتلێیتەوە هەرلەسەرەتاوە سنورێک بۆ ئەم دەردە دابنێ ومەیەڵە منداڵەکەت یان هاوسەرەکەت هەست بەکەمی بکات ، چونکە خۆ بەکەم زانین دەبێتە بەشێک لەژیانی و ناخی داگیر دەکات. کەسێک کە ڕوخساری خۆی بەجوان نایەتە پێشچاو ، یان منداڵێک کە بەهەژاری پەروەردە دەکرێ لەنێوەندێکی دەوڵەمەندا ، یان خانەوادەیەک کە بژێویان دیاری کراوە و ناتوانن وەکو پێویست پێداویستیەکانیان جێ بەجێ بکەن ، یان ئەو منداڵەی کەهەمیشە سەرکوت دەکرێت لە لایەن ئەندامانی خێزانەکەیەوە ، هەموو ئەوانە زۆرجار جۆرێک لە هەستکردن بەکەمی لەناخیاندا درووست دەبێت و بەردەوام هەوڵ دەدەن ئەو بۆشاییە پڕ بکەنەوەو کاتێک کە بژێویشیان باشتر بوو هەر ئەو هەستە تیایاندا دەمێنێتەوە و بۆ هەر جوڵەو قسەیەک ئەمان لەو پاشخانەی خۆیانەوە قسەو باسی خۆیان دەبێت . من کەسی وام دیوە کە پێشتر هەستی بەکەمی کردووە بەهۆی ئەودەست کورتی و نەدارابییەوە کە بێ بەشی کردبوو لە بەشێک لەئاواتەکانی هەمیشە لەدوای باشبوونی بواری ئابوریەوە هەوڵی دەدا خۆ بچوێنێت بە دەوڵەمەندترین کەسی تایفەکەی ، ئەگەر داوای هاوکاریەکت لێ بکردایەت نەی دەگوت بفەرموو ئەوە هاوکاریەکە ! بەڵکو دەیگوت فلان کەسی دەوڵەمەند چەندی دا ئەوەندەش بۆمن دابنێن کەبیدەم !! بۆیە دایکان و باوکان پێویستە بەهیچ شێوەیەک نەیەڵن منداڵەکانیان هەست بەکەمی بکەن لەچاو هاوەڵەکانیان یان خزمەکانیان ئەگەر بەقەرزیش بووبێت پێویستە کەلێن و بۆشایی منداڵەکانیان پڕ بکەنەوەو هەرگیز منداڵەکانیان هەست بە نەداری و خۆ بەکەم زانین نەکەن لەبەرچاو بەرامبەرەکانیاندا ئیتر لەبواری بژێوی بێت یان لەڕووی ڕوخسارەوەبێت یان لەبواری نزمی پلەی سەرکەوتنیان لە خوێندندا و هەمیشە دەبێت پشت و پەنایان بن و بەهەموو شێوەیەک نەیەڵن ئەو خەمۆکیانە کاریگەری زۆری هەبێت لەسەریان و هەروەکو پێغەمبەری خوا (دروودو سڵاوی خوای لەسەربێت) دەفەرمێت ئەگەر سەیری سەروو خۆتان کرد سەیری خواروو خۆشتان بکەن تەوازونتان ڕادەگرێت . بۆیە پیویستە دایکان باوکان لەکاتی داواکاری منداڵەکانیان هەرگیز نەڵێن ئاخر هەژارین ، نەدارین، ئیش وکارمان نیە ! بەڵکو پێویستە ئەگەر چی نەداریش بن و نەتوانن هەموو پێداویستیەکانیان بۆ دابین بکەن بەڵام نابێت منداڵەکان هەست بەوە بکەن کەهەژارن و لەبەر نەداری داواکانیان بۆ جێبەجێ ناکرێت ! کەئەمە نەدرۆیەو نە عەیبیشە ، ئەوەتا قورئانی پیرۆز تاریفی ئەو خانەوادانە دەکات کەنەدارن و خۆیان بە قورس گرتووەو سەنگی خۆیان بەڕاگیراوی هێشتۆتەوە لەکۆمەڵگادا و دەفەرموێت (یحسبهم الجاهل اغنیاو من التعفف) واتە کەسێک کەنەیان ناسێت وادەزانێت دەوڵەمەندو زەنگینن بەهۆی هێشتنەوەی سەنگی خۆیان و ئاشکرا نەکردنی حاڵی خۆیان بۆ خەڵکی. من لێرەدا نامەوێت بڵێم کە هەژاری عەیبە ! نەخێر هەژاری کۆمەڵە ساتێکی پڕ ژانە کەمرۆڤەکان دەبێت لەساتێک لەساتەکانی ژیانیاندا پێی دا گوزەربکەن و زۆرێک لەپێغەمبەران و پیاوباشان و زاناو سەرکردەو داناکان بەو قۆناگەدا تێ پەڕیون و هیچیش لەسەنگی ئەوانی کەم نەکردۆتەوە . بەڵکو مەبەستەکەی من ئەوەیە کە ئەو هەژاریە نەبێتە ویردی سەرزارو ناشوکری لەسەر

نەکەین و شکۆی خۆمانی پێ لەکەدار نەکەین و بەو هۆیەشەوە دەردێکی کوشندەی وەک خۆ بەکەم زانین بەدەستی خۆمان نەڕوێنین لەناخی جگەر گۆشەکانماندا و بۆ هەتا هەتایە پێوەی بتلێنەوە. بۆیە ئەرکی گەورەکانمانە کەنەیەڵن ئەو نەخۆشیە بگوێزرێتەوە بۆ کۆمەڵگاکەمان کەسەرەتا لەخانەوادەکان دەست پێدەکات و دواتریش هەموان . ئەوەتا ئێمە وەکو میللەتێکیش چونکە بێخاوەن بووین و هەمیشە بەربەست لەبەردەم تواناکانماندا دانراوە ئەوەتا لەناخماندا هەمیشە خۆ بەکەمتر دەگرین لەچاو میللەتێکی تردا ئەگەر بیانیەک قسەیەکمان بۆ بکات ! یان سەردانێکمان بکات هەموو دەست بەسنگەوە دەگرین بۆی و بەڵام کەسە بەڕێزە خاوەن حیکمەتەکانی خۆمان بەنیوەی ئەوانیش قەدریان بۆ دانانێین ! ئەمە ئەگەر ئەو خۆ بەکەم زانینەی کە مێژوویەکی تاڵ و ڕەگێکی قوڵی چەسپاندووە لەناخماندا نەبێت ئەی چی یە ؟! بۆیە وەک خانەوادە پێویستە وریابین لە پەروەردەی منداڵەکانمانداو نەیەڵین خۆ بەکەم بگرن و تواکانیان بنرخێنین و سەرکوتیان نەکەین و هەمیشە ووشەی گەشبین و هاندەر بەخەرج بدەین لەگەڵیان و ئەرکی حکومەت و گەورە بەرپرسانیشە چیتر تواناکان دانەمرکێننەوە بەهیچ پاساوێک و ڕۆحی شکۆداری و خۆ بە قورس گرتن بچێنن لە تاکەکانی گۆمەڵگاداو بەوەش وولات و گەل پێش دەکەوێت و ئێمەیش هیچمان لەکەس کەمتر نیە ئەگەر زیادمان نەبێت ، تەنها بەکرداری گوڕو تینێکی دڵسۆزانەمان دەوێت و بەس.



# ڕەش و سپی

و. ئیمان ناصح

ڕۆژێک پێش دەستپێکردنی یەکێک لە وانەکان لەگەڵ یەکێ لە هاوڕێکانمدا کەوتینە ناو مشتومڕێکی قوڵەوە،من ئەوم بە ناڕاست دەزانی هاوکات زۆر لە ڕاستی بینینی خۆشم دڵنیابووم.
کاتێ مامۆستاکەمان بەم مشتومڕەی نێوانی من و هاوڕێکەمی زانی بڕیاری دا کە وانەکەمان تایبەت بکا بۆ ئەو بابەتە، هەربۆیە هەردووکمانی هێنایە ناوەراستی پۆلەکەوە،هاوڕێکەمی خستە لایەکی مێزەکەوەو منیش بۆلایەکی تری، مێزەکەش ڕێک لە ناوەڕاستی هەردوکماندا بوو.
لەناوەڕاستی مێزەکەدا هەڵماتێکی بچووکی لێ بووم هەڵماتێکی ڕەنگ ڕەش.
مامۆستاکەمان ڕووی کردە هاوڕێکەم و لێی پرسی: ڕەنگی ئەو هەڵماتە چییە؟

هاوڕێکەم وتی: سپی یە
من کە باوەڕم بە وەڵامەکەی نەبوو چونکە هەڵماتەکە ڕەش بوو، دوبارە دەستمان کردەوە بە مشتومڕ.
پاش تۆزێک مامۆستا شوێنی من و هاوڕێکەمی گۆڕییەوەو هەریەکێکمان بۆ لایەکی مێزەکە، پاشان مامۆستا ڕووی کردە من و پرسی: هەڵماتەکە چ ڕەنگێکە؟
وتم: ‹سپی› بە ڕاستی ناچاربووم ئەو وەڵامە بدەمەوە، جونکە لایەکی هەڵماتەکە ڕەش بوو لایەکی تریش سپی.
ئەو ڕۆژە مامۆستاکەمان وانەیەکی زۆر جوانی فێرکردین.
‹› بۆ ئەوەی لە ڕوانگەی بیینی بەرامبەرەکەمان تێ بگەین ، پێویستە خۆمان بخەینە شوێنی ئەو››



# وەهای خواست کافوری ئەخشەدی


- نووسینی: دیاری ئاکۆ
- ئیمەیل: Diyaryako@gmail.com


«وەهایی خواست کافوری ئەخشەدی» گەورەی مرۆڤ بەئەندازەی گەورەی بیرکردنەوەکانیەتی، وە یەکێک لە بەرهەمە ئەرێنی و ناوازەکانی بیرکردنەوە «درک کردنە» بە گەورەیی یاخو بچووکی خواست و ئاواتەکانت. دڵنیابە کاریگەرترین و مەزنترین کەسایەتییەکانی مێژوو ئەوانە بوون کە خواستەکانیان مەزن بووە تەنانەت زۆرجار کەسانێکی نا بەرچاوو ڕوون گاڵتەوگەپیان بەخۆیان و خواستەکانیان کردووە. هەربۆیە گومانی تێدانییە درەنگ یا زوو کاتێک خواستەکانمان مەزن بوو هەنگاو و ئەو وزە دەروونییەی کە بەردەوامییمان لە تێکۆشان بۆ گەیشتن بە خواستەکەمان پێ دەبەخشێت بەجۆرێک دەبێت کە دەبێتە وەڵامێک دڵخواز بۆ ئەوکەسانەی دەپرسن: «من دەبێت چ جۆرە خواست و ئامانجێکم هەبێت تا وام لێ بکات بۆی تێ بکۆشم بەئەندازەیەک کە خۆم وێنام نەکردبێت؟

کەوابوو هاوڕێ بەرێز، پێم بڵێ خواست و خەون و ئامانجت چییە تا پێت بڵێم تۆ کێیت؟ هەندێک دەڵێن: پێم بڵێ کاتەکانت چۆن بەسەردەبەیت تا پێت بڵێم تۆ کێیت؟ وە هەندێکی تریش دەڵێن: «بڵێ هاورێکانت کێین تا پێت بڵێم تۆ کێیت»؟ هەر جۆرە هەڵسەنگاندنێک لەم جۆرە ناسینی بەرامبەرە حەقیقەتێکی تێدایە. بەڵام ئایا کام هەڵسەنگانی پێم بڵێ............ تاپێت بڵێم تۆ کێیت، بزوێنەر و



سەرچاوەی گشت هەڵسەندگاندنەکانی ترە؟ ئایا کامیان گونجاوترین هەڵسانگندی لەڕوانگەی حیکمەت و حەقیقەتەوە؟

دکتۆری ڤینسینت پیل لە تەمەنی ٩٥ ساڵیدا و لەیەکێک لە دوا کۆڕەکانیدا وتی: «نیشانەی مانگ بگرن تەنانەت ئەگەر نەشتان پێکا، تیرەکەتان لە لەناو ئەستێرەکاندا دەچەقێت».

کەوابوو ئەگەر وزەی خوێندنەوەت ماوە با پێکەوە بەردەوامبین، وە بەڕاستی بەسەرهاتی «وەهای خواست حەزرەتی کافوری ئەخشەدی» زیاتر ئەم ڕاستیەمان بۆ ڕوون و درەخشان دەکات.

لە مێژوودا هاتووە حەزرەتی کافوری ئەخشەدی یەکێک دەبێت لە دادگەرترین خەلیفە و سەرکردەکانی مێژووی مرۆڤایەتی. هەروەک موتەنبی دەڵێت: کاتێک کافور فەرمانڕەوایی گرتە دەست زەوی لە تاسە و خۆشیدا پێدەکەنی و سەمای بۆی دەکرد. بەڵام لە دوایدا کافور لەلایەن موتەنەبییەوە ناشرین دەکرێت بەهۆی ئەوەوەی نەیتوانی مەرامەکانی بەدەست بهێنێت لێرە کافورە. ئەم کەسایەتییە گەورەیە تورک دەبێت، بەهەرهۆکارێک بێت دەهێنرێت بۆ میسر، وە لەبازاڕی «نەحاسیندا» کە بازارێک تایبەت بە کرێ دانی خزمەتکاران دەبێت. کافور و هاوڕێیەکی پێکەوە دەبن، سەیری کڕیارەکان دەکەن، هاوڕێکەی بە کافور دەڵێت: «خۆزگە من بدرامایە بە کابرایەک و لە چێشتخانەدا ئیشی پێ بکردمایە، کافوری برام ئەی تۆ ئاوات و خواستت چییە؟» ئەویش لەوەڵامدا فەرمووی: ئارەزوومە ببمە فەرمانڕەوا و خەلیفەی موسڵمانان.

ئەوەبوو کافوری ئەخشەدی لەلایەن ئەخشەدی دامەزرێنەری دەوڵەتی ئەخشەدییەوە بەکرێ دەگیرێت و بەخێوی دەکات. کافوریش ئاوات و خواستەکەی لەبیر نەکردووە و هەمیشە لەیادیدایە، هەربۆیە ئەم کەسایەتییە خواستەکەی بە جۆرێک وزە کۆشش دەبەخشێتە ئەم تاوایی لێ دێت لە خزمەتکارییەوە دەگات بە ئاوات و ئامانجەکەی، وە بۆ نزیکە ٢٥ ساڵ دەبێتە خەلیفەی و فەرمانڕەوا، جوانترین نموونەی دادگەری پێشکەشی مرۆڤایەتی دەکات، هاوڕێکەشی دەبێتە چێشتلێنەری کۆشکی خەلیفە.

خواستەکەی کافور ئەوی گەیاندە پلەی فەرمانڕەوای ئومەتێک، لەکاتێکدا گەیشتنی بەو پلەیە هێندە خەیاڵاوی بوو، هاوڕێکەی گەورەترین خواستی ئەوەبوو تەنها ببێتە خزمەتکارێک لە چێشتخانەیەکدا.

کەوابوو بپرسە لە خۆت «خواستم چییە»؟ پاشان بپرسە «ئایا خواستەکەم گەورەیە یان بچووک»؟

ئەگەر بۆت کرا ڕاوێژ بکە تا بگەیتە دڵخوازترین ئەنجام، پاش گەیشتنت ئەگەر خواستەکەت لە نرخی خۆت بچووکتر بوو، هەمیشە فەرموودەکەی خواوەند بەبیرخۆت بێنەوە کە لەوەسفی تۆ ئادەمیدا دەفەرموێت: بەڕاستی ئێمە مرۆڤمان لە جوانترین شێوە و ڕێکوپێکترین شێوازدا ئافراندووە لە هەموو ڕوویەکەوە.

ئەوکات بەخۆت بڵێ: منێک کە خوا بە جوانترین شێوە دروستی کردووم، لەبەر توخمی ئادەمی من ئیبلیسی پەرستشکاری چەند ساڵەی خۆی کە ئامادە نەبوو سوجدەی ڕێزم بۆ بەرێت بە نەفرەت خست ئایا سوپاس ناپەزێری و سوکاتی کردن بە خۆن نییە ئامانجی کورتبڕو و بچووکم هەبێت.

ئەوەتا وتاربێژی پێغەمبەران (د.خ) فێری بەرز ویستیمان دەکات و دەفەرموێت: «ئەگەر داوای بەهەشتتان کرد داوای فیردەوسی بەهەشت بکەن».

کەوابوو بڵێ ئامانجەکانت چین تا پێت بڵێم تۆ کێیت؟ ئیتر ئەوکات بێ ئەوەی پێم بڵێت تۆ چی دەخوێنیتەوە، چۆن کاتەکانت ڕادەگوزەرێنیت، وە دۆستەکانت کێن زانیار دروستم دەبێت لەبارەی هەموویانەوە.

پشووی برەو

# چەندئامۆژگاریەکی مەولانا

ئا : برەو

- لەخۆشەویستیدا وەک خۆربە.
- لە داپۆشینی هەڵەی خەڵکیدا وەک شەوبە.
- لەسنگ فراوانیدا وەک دەریابە.
- لە بەخشندیی و یارمەتیدانی خەڵکیدا وەک رووباربە.
- لە بێفیزیدا وەک خاک بە.
- لە توڕەییدا وەک مردووبە.

_ هیچ کەس ناچارمەکە گرنگیت پێ بدات، یاخود هەواڵت بپرسێت، ئەوەی بەڕاستی خۆشی دەوێی، بۆت دەگەڕێ وەک ئەوەی شتێکی بە نرخو گران بەهای ون کردبێت !!!

_ تا ئاستی زانستی و رۆشنبیری بەرزبێتەوە، لە خۆبایی بوون و لوت بەرزی کەم دەبێتەوە.

_ بۆ ئەوەی خۆت لە دەست نەدەیت، لاسایی کەسانی تر مەکەرەوە ، ژیانی خۆت بەراورد مەکە بەژیانی کەسانی دی، تەنها تەحەداو بەرهەڵستی خودی خۆت بکە، رەخنە لە شتێک مەگرە تاقیت نەکردبێتەوە.

_ هەتا کۆمەڵگا زیاتر لە حەقیقەت دووربکەوێتەوە، زیاتر رقی لەوکەسانەیە کەباس لە حەقیقەت دەکەن.

_ سەرم سوڕماوە لەکەسانێک گوێ بیستی نیوەی ئاخاوتن وقسەکان دەبن ولە چارەکێکی تێدەگەن و دوو هێندەش قسە دەکەن.

# گەنج و رەنج و ئامانج



شەیدا صابر

ناونیشانی بابەتەکە بەمەبەست بەم شێوەیەیەک بەدوای یەک ریزبەندی کراون ,پەیوەندی ناوبەسەرکەوتنەوە چیە ؟دەمەوێت لەڕێگەی سێکوچکەی گەنج ورەنج وئامانج چ پەیامێک بگەیێنم؟ئاخر لەبەرئەوەی لەهەناوو ناخی هەرئینسانێکدا خولیاو ئەنگێزەی سەرکەوتن بوونی هەیە , بەڵام دواجار لەبەرئەوەی رێگاکانی گەیشتن بەئارمانجەکان شارەزانین , ئەگەرچی ئێمەی مرۆڤەکان دەبێت بەردەوامبین لەگەشتی ژیانماندا ئارمانجەکان دەبێت تەنها بیانووبن بۆبەردەوام بوون لەسەفەر. بۆیە زۆرجار خەون وخولیاکانمان تەنها لەجیهانی خەیاڵدا دەمێننەوەو لەوێ گینگلمان پێدەدەن وناتوانین بیهێنینە ئەرزی واقیع . نابێت ئەوەشمان لەیادبچێت هەموو مرۆڤێک کۆمەڵێک هیواوئاوات وئارمانج لەزەینی داهەن وبەردەوام چەکەرەدەکەن ودەمانەوێت پێی بگەین , هەمووئارمانجێکیش سەرەتا لەزەین وخەیاڵ دروست دەبێت ودواجار خەون وخەیاڵەکانیش لەزەمینەی واقیع لەدایک دەبن. ئاخرئێمە هاتووینەتە ئەم زەمینە بۆئەوەی زەوی ئاوەدانبکەینەوە. وابریارەئێمە ببینە جێنشینی خودالەسەرزەوی , ئێمەکاتێک دەتوانین بەئەرکی سەرشانی خۆمان رابین وپەیامی خۆمان بگەیێنین ئەگەر خاوەنی هیمەتی مامەڵە لەگەڵ گۆڕاناکاریەکانی سەردەم بکەین وشوناسنامەی خۆمان ون نەکەین. وەنەبینە ئامرازبەدەست خەلقانی دیکەوە بۆهێنانەدی خواستەکانی ئەوانیتر. هەرلەبەرئەوەشە پەیامبەری خودا (×لی الله علیه وسلم)پێمان دەفەرموێت دووخۆشەویسترین ناولەلایەن خودا»عبدالله و عبدالرحمان»ە ئاخر ئەو دووناوە هەروا بەخۆڕایی نەوتراون , لەهەناوی ئەو دووناوە کۆمەڵێک ماناو مەدلول هەن دەبێت ئێمە لێیان تێبگەین. واتا ئینسان کاتێک بەندەی الله یەکی بەبەزەیی بێت جگە لەوەی بەبەزەیی گەلاڵە دەبن وچەکەرەدەکەن ,بەڵام کاتێک کۆمەڵێک بەریەست لەبەردەممان قوت دەبنەوەوناتوانین لەماوەیەکی زەمەنی کەم بەهیواو ئاواتەکانمان بگەین دووچاری داڕمان وبێئومێدی دەبین. کەئەوەش هەرگیزکاری مرۆڤەژیرەکان نیە , کەدەیانەوێت بەدەم ژیانەوە خەندەبکەن ولەهەوڵدان بۆتێکشکاندنی کۆسپ ولەمپەرەکانی سەر ڕێگەیان.دواجار ئەی گەنج بۆئەوەی بگەی بەئامانج دەبێت رەنج بدەیت ولەجموجۆل وچالاکیدابیت.



# بەڵێ بەرەوسەرکەوتن

نووسینی : هونەر سلام شوانی

بەشێک لەگەشتەکەی هیوا....

ئەو لە دوایی بیرکردنەوەیەکی زۆر ، ئەوەی لە هزردا دروستبوو کە بڕوا بەرەو لای هاوڕێیەکی، ئەو هاوڕێیەی کە لە زووەوە نەی بینیوە، بەڵام گەیشتن بەو خۆشەویستەی ئاوا ئاسان نەبوو، بەڵکو ڕێیەکی پڕ لە دژواریی وئاستەنگ وچەرمەسەری چاوەڕوانی ئەکرد، ئاخر ئەو لەبەر نەبوونی سواری دەبوایە ئەم ڕێیە بەپێ ببڕێ، لەکاتێکدا لەو لادێیەی کە لێی ئەژیا چەند شەو ورۆژێکی پێویستبوو تاوەکو بگاتە ئەو شوێنەی ئامانجی هاوڕێیی لێ بوو.

بڕیاردان لە ڕۆیشتن وا ئاسان نەبوو، هەر بۆیە ئەک گەشتە بیروهۆشی داگرتبوو... بۆ..کەی ..چی .. چۆن .. وئاخر ..بۆنا... ئەو وشانەبوون کە بەردەوام لە هزریدا ئەسوڕانەوە ،هیوا لەدڵی خۆیدا ووتی ئیتر بەسە دوودڵی با ناوی خوای لێبێنم، بۆیە هەڵسایە سەر پێ و وتی ئێستا کاتی بڕیاردانە ، بەناوی خوا گەشتەکەم دەست پێدەکەم ،بۆ ئەوەی گەشتەکەی بە سەرکەوتوویی ئەنجام بدات لە سەری پێویست بوو بەتەواوی خۆی ئامادە بکات ، بۆیە دەستیکرد بە کۆکردنەوەی پێویستیەکانی ڕێگەوپرسیارکردن لە ڕێگاکانی گەیشتن بۆ ئەو لادێیەی کە ئامانجی لێ بوو ،هیوا بنە وبارگەی پێچایەوە و بەناوی خوا دەستی بە ڕۆیشتن کرد.



ڕێگایەکی زۆری بڕی وورده ورده خۆر بەرەو ئاوابوون ئەڕۆییشت، کەچی هیوا نەگەیشتبووە ئامانج ، شەو تارمایی خۆی بەسەر ڕۆناکی ڕۆژدا کێشا وبەڕێکردنی شەو لەو چۆڵەوانی وتەنیاییەدا وا ئاسان نەبوو، هیوا تاک و تەنیا بوو، ئەوانەی لەدەوروپشتی بوون، چادرە بچوکەکەی و ئەو ئاگرەبوو کە بۆ روناکردنەوە و گەرم کردنەوەی خۆی هەڵیی گیرساندبوو ، هەرچۆنێک بێت هیوا شەوی لێ ڕۆیشت و خەریکبوو ورده ورده بەرەبەیان باڵی ئەکێشا بەسەر تاریکایی شەودا، وتیشکی ڕۆژ دونیایی ڕوناک ئەکردەوە ، هیوا کۆڵەکەی پێچایەوە ودەستی بە ڕۆیشتن کرد، تا ئەو کاتەی دیسانەوە کات گەیشتەوە ئەوەی تیشکی ڕۆژ بەرەو لاواز بوون بڕوات ولەبەردەم پانتایی تاریکیدا خۆی بۆ نەگیرێت وببێتەوە شەو، ئەوە بوو پاش چەند شەو وڕۆژێک لە ڕۆیشتن وماندوێتی وناخۆشیەکانی ڕێگە، هیوا ئاستەنگێکی گەورەی کەوتە پێش، ئەویش ئەوەبوو کە شاخێکی بەرز وسەخت بوو بە بەربەست لەبەردەم تەواوکردنی ڕێگەکەی، بەڵێ ئێستا تەنیا ئەم لەمپەرە ماوە تا بگاتە ئامانجی خۆشەویست ، ئەو بەربەستە ئەوەندە سەخت بوو زۆری نەمابوو هیوا توشی بێ ئومێدی بکات، تەنانەت گەیشتە ئەو ڕادەیەی کە خەریک بوو هیوا بێ هیوا بێت ،لەگەشتەکەی و پەشیمان ببێتەوە، بەڵام دوای کەمێک بیرکردنەوە هیوا بە ورەیەکی بەرزەوە هاواری کرد و وتی : گەیشتن بە خاڵی کۆتایی، ڕۆیشتنمە بەڕێگەیەکی پڕ لە ناخۆشی وبڕینی چەندین ڕێگەی تەنگ وچەڵەمە، کە ئەبنە ئاستەنگ بۆم و لە کۆتاییدا دوا بەرد ئەکەمە ژێر پێم تا سەرکەوم پێییدا، بەڵێ بەڵێ بەرەو سەرککەوتن.

پاشان هیوا بەدڵێکی پڕ لە ئومێدەوە هەڵسایە سەر پێ و داوای لە خوای بەتوانا کرد یارمەتی دەرو وپشتیوانی بێت، هەر بۆیە بەبڕوابوونێکی گەلێک مەزنەوە ئەوەندە مەزن بوو ئەدووت هێزێکی گەورە پاڵ بەهیواوە دەنێت، تۆ بڵێی ئەو هێزە چیبێت ؟! کە لە تروسکایی چاوەکانی ئەبریسکایەوە وجارجاریش هیوا لەگەڵ بەرزبوونەوەی دا بەسەر شاخەکە سەیرێکی ئاسمانی پێ ئەکرد ولەوێشەوە تەماشای لوتکەکەی ئەکرد، بۆیە کاتێک یەک بەیەک تیشکی ڕۆژ بەرەو لاوازبوون ئەڕۆیشت، هیوا لە ڕۆیشتن وەستا، چونکە چیتر بەڕێی خۆی نەئەبینی وئاگای لە هەنگاوەکانی نەئەما، هەر بۆیە هیوا لە قەد پاڵی شاخەکە کۆڵەکەی دانا ولەبەر شەکەتی ڕێگەکەی خەو لەگەڵ لاپاڵی شاخەکە لەو تەنیاییەدا باوەشیان بۆ ئەکردەوە ، خەو چاوەکانی هیوای داخست، تا ئەو کاتەی کەم کەمە ڕوناکی ڕۆژ ئەیویست چۆک بە تاریکیدا بدات ،

هیوا لە خەو ڕاپەڕی وخۆی ئامادەکرد بۆ تەواوکردنی گەشتەکەی، لە دوای کاتژمێرێک لە ڕۆیشتن و وەستان وتەنانەت هەندێ کات گەڕانەوە و زامداربوونی پێیەکانی لەکاتێکدا بوو کەوا ویستی بەسەر گاشە بەردێکدا سەربکەوێت، کەچی بەربوویەوە و زامداربوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کۆڵی نەدا وە بەردەوام بوو لەسەرکەوتن بەسەر بەردەڵانی ڕێگەکە .

لەگەڵ گزنگی بەیان وڕووناکبوونەوەی تەواوەتی ئاسمان وزەوی و بەهێزبوونی تیشکەکانی ڕۆژ، بەجۆرێک تاریکایی نەیتوانی خۆی بگرێت لەبەردەمیدا، هیوا گەیشتە لوتکەی شاخەکە و هەر لەوێوە لادێکەی ئامانجی بینی و سوپاسی خوای گەورەی کرد، هیوا بەگڕووتینێکی زۆرەوە لە شاخەکە ئەهاتە خوارەوە وبەرەو لادێکە ئەڕۆیشت، تا گەیشتە لادێیەکە وپرسیاری لە ماڵی ئامانج ئەکرد، تا ناونیشانی ماڵەکەیان پێووت ...

ئێستا هیوا لەبەردەم ماڵی ئامانجە !

ئەوەتا لەدەرگای ماڵی ئامانج ئەدات !

ئامانج : ئەوە کێیە لەدەرگا ئەدات ؟

هیوا: ئەوە منم هیوای هاوڕێت

ئامانج دەرگاکەی کردەوە و چاوەکانی گەشایەوە و هیوا وئامانج دەستیان لە ملی یەکتری کرد وبەیەکتر شادبوونەوە .

منیش هاتمەوە ئەوەم پێبڕا کە بە ئێوەی خۆشەویست بڵێم :-

هیوا تۆی !

ئامانجیش ئەو هاوڕێیەتە کە ئەبێت هەموو کات هەوڵبدەی پێی بگەیت.

# گفتوگۆی نێوان

## پیاوێك و پزیشكی دەروونی

و: برەو



پزیشک: کێشەکەت چیە بەڕێزم ؟

پیاوەکە: ڕۆتین و فشاری کار.

پزیشک: کارو پیشەت چیە ؟

پیاوەکە: ژمێریاری بانکم.

پزیشک: کاری خێزانەکەت چیە ؟

پیاوەکە: هیچ کارێک ناکات ژنی ماڵەوەیە.

پزیشک: بەیانیان کێ لەخەو هەڵتان دەستێنێ و بەرچایی بۆخۆت و منداڵەکانت ئامادە دەکات؟

پیاوەکە: خێزانەکەم، چونکە ئیشی تر ناکات.

پزیشک: بەیانیان تۆ کەی لەخەو هەڵدەستیت وخێزانت کەی لەخەو هەڵدەستێت ؟

پیاوەکە: خێزانەکەم کاتژمێر پێنجی بەیانی و منیش کاتژمێر حەوتی سەرلەبەیانی، چونکە منداڵەکان ئامادە دەکات بۆ قوتابخانەو خواردنی بەیانی دروست دەکات.

پزیشک: کێ منداڵە بۆ قوتابخانە دەبات ؟

پیاوەکە: خێزانەکەم، چونکە ئەو کار ناکات.

پزیشک: خێزانەکەت دوای گەیاندنی منداڵەکان بۆ قوتابخانە چی دەکات و تۆش چی دەکەیت ؟

پیاوەکە: خێزانم دەگەڕێتەوەو خواردنی نیوەڕۆ ئامادە دەکات و جلەکان دەشوات و ماڵەوە ڕێک دەخات و چاوەڕوانی گەڕانەوەی منداڵەکان دەکات و ئەو وەزیفەی نیەو کار ناکات، منیش دەچم بۆ سەرکار تا کاتژمێر سێی پاش نیوەڕۆ.

پزیشک: ئێواران کەلەکار گەڕایتەوە چی دەکەیت و خێزانەکەت چی دەکات؟

پیاوەکە: دوای نانی نیوەڕۆ بۆ ماوەیەک پشوو دەدەم دوای ڕۆژێکی پڕ لە کاری گران، خێزانیشم سەعی بە منداڵەکان دەکات و دواتر منیش هەڵدەستێنێت تا پێکەوە چا بخۆینەوە.

پزیشک: دواتر تۆچی دەکەیت و خێزانیشت چی دەکات ؟

پیاوەکە: تەماشای ڕۆژنامەکان دەکەم و تەماشای تەلەفزیۆن دەکەم و گوێ لەهەواڵەکان دەگرم ، خێزانیشم خواردنی ئێوارەمان بۆ لێ دەنێت و دواتر قاپەکان دەشوات و ماڵەوە خاوێن دەکات ودواتر جێگای منداڵەکان بۆ خەوتن چاک دەکات.

پزیشک: کامتان پێویستی بە پزیک هەیە تۆ یان خێزانەکەت!!! کێ پێویست بە پشوو حەسانەوەیەبەهۆی فشاری کارەوە، تۆ یان خێزانەکەت ؟

ئایا ڕۆتینی ڕۆژانەی ئافرەت لە بەیانی زووەوە تا شەوێکی درەنگ ، پێی دەوترێت بێیییییییی کارو بێیییی وەزیفە .

بەبێ موچەو دیاری کردنی کاتژمێری کارکردن و تامین و بەبێ ماندان و سوپاسکردن و لەگەڵ ئەم هەموو ماندوبوونەدا گلەیی و گازندە ناکات و دەستبەرداری کارەکانی نابێت.




دەمەوێ بە قسەیەکی جوانی عبدالله ی کوڕی مەسعود دەست پێ بکەم کە ئەفەرموێت 'کاتێ کە دڵت وون بوو , لە سێ جێگادا بیدۆزەرەوە کە ئامادە بێت , یەکەم: لە گوێگرتنی قورئان , دووەم: لە کۆڕی یادی خوادا , سێیەم: لەکاتەکانی خەڵوەتدا , خۆ ئەگەر لەو جێگایانە دڵت نەدۆزییەوە , داوا لەخوا بکە دڵێکت بداتێ چونکە ئەوە دڵ نی یە کە تۆ هەتە!

دڵ لە ئەندامێکی ماسولکەیی زیاتر نی یە , کە قەبارەکەی دەگاتە قەبارەی مشتەکۆڵەیەک , بەڵام هەموو پەیوەندی یەکانی ژیانمانی پێوە بەندە , بۆ تەنها ساتێک بیر لەدڵت بکەرەوە , بزانە وون نەبووە؟! گەر وون بووە برۆ لەیەکێک لەم جێگایانە بیدۆزەرەوە , یاخود بیربکەرەوە کە ئاخۆ ئێستا دڵت لە کوێیە؟ لەلای خودا؟ لەلای سوننەتەکانی پێغەمبەری ئازیزمان (دروودی بێ پایان برژێ بەسەریا) , یاخود تۆش وەکو ئەو کەسانەیت کە هەمیشە دڵیان یاد دەکەنەوە بە شتێک یان بە کەسێک , یان وەکو ئەو مرۆڤانەی کە دڵیان تەنگ ئەکەن بە زۆر بیرکردنەوە لە یادگارییەکانی ڕابردوویان , بەکارەکانی ڕابردوویان , هێندەش بیر لەداهاتوو دەکەنەوە کە لەئەنجامدا ئەو ساتەی ئێستا تیایا ئەژین لەبیر ئەکەن , و لەدەستی ئەدەن.

کاتێک کە دەڵێین دڵت وون بووە , مانای ئەوە نی یە کە نەزانیت دڵت لە کوێیە , بەڵکو کاتێک تۆ دڵت بە گۆرانیێک ئارامی دەبێتەوە , کاتێک کە دڵت ڕاهێناوە لەسەر شتێکی حەرام و کاری هەڵە , کە ڕەش بووە بە خەڵووزی گوناهـ , کاتێک کە دڵت پڕیەتی لە هەموو خۆشەویستی یەک جگە لە خۆشەویستی ڕاستەقینەی خوا , کاتێک کە دڵت دوورە لە یادی خوا , ئەوە بەدڵنیاییەوە تۆ دڵت وون کردووە , بۆیە هەر کەسەو با بەدوای دڵی خۆیدا بگەڕێت!

کە بیردەکەینەوە , بۆمان دەردەکەوێ کە دڵی زۆرێکمان وونە , تاریکە , چونکە کە تاوانێک ئەکەین بە ئاسانی لەبیر خۆمانی دەبەینەوەو تەوبەی لەسەر ناکەین , دڵمان وونە چونکە هاوڕێیەتی زۆرداران ئەکەین و شوێنکەوتەیان ئەبین و سەریان ئەخەین ,

دڵمان وونە , چونکە کاتێ خۆمان سکمان تێر و پڕ ئەبێت , بێ ئاگا دەبین لە سکی بەتاڵی کەسانی تر..

دەی با ئیدی وون بوون و تێر بوونی دڵەکانمان بەس بێت , با دڵەکانمان ڕووناک بکەینەوە بە نیەتی چاکە و خێر , چونکە بەڕاستی خودا زۆر لەوە گەورەترە کە بیری لێ ئەکەینەوە!

گەر دڵمان خەیاڵی لەسەر ئەنجامدانی کارێکی باش بووبێت , بەڵام لەبەر هەر هۆکارێک بووبێت نەمانتوانیبێت ئەنجامی بدەین , ئەوە خودا لەسەر نیەتەکەمان پاداشتمان ئەداتەوە , هەر وەکو شێخو لئیسلام ئەفەرموێ 'کرداری بێ نییەت پاداشتی نی یە , بەڵام نییەتی بێکردار پاداشتی هەیە

با دڵمان بدۆزینەوە بە گوێگرتن و خوێندنەوەی قورئان , وەکو دەڵێن لەهەر دڵێکا خۆری قورئان پاشایەتی بکات ئەوە تاریکی و نەفامی ئەو وڵاتە چۆڵ دەکات.

با ئیتر بێئومێد نەبین لە کارەکانی خوا و ئەوەی لەتوانامدا هەیە و لەدەستمان بێ بیکەین و , ئەوەی تریش بۆ خوا جێ بهێڵین , با ئیدی بە یادی خودا دڵەکانمان ئارام بکەینەوە , هەروەکو خۆی ئەفەرموێ

(أَلَابِذِكْرِاللّٰهِ تَطْمَئِنُّ الْقُلُوبُ)سورة الرعد:٢٨.



# کارگەی وورە بەرزی

## هەڵوێستە قورسەکان وورەی بەرز بەرهەم دێنێ

ئامادەکردنی: ئەمیرکۆیی

شارلی شاپلن شانۆکاری بەناوبانگ لە یادەوەریەکانیدا باسی چیرۆکی هاورێ یەکی دەکات کە خاوەنی کارگەیەک بووە و لە وێ سەردانی کرد، بینی وێنەیەکی گەورەی لە نوسینگەکەی داناوە کە لە چوارچێوەیەکی گرانبەها دابوو ئەویش هی پیاوێک بوو کە شێوازەکەی نیشانەی توووند و تیژی و لووت بەرزی بوو!!!!

بۆیە پرسیاری لێ کرد: ئایا ئەمە باوکتە؟

وەڵامی دایەوە: نەخێر....

ئەوە خاوەنی کارگەیەکی ڕکابەری منە،ژیانی کرداری من وەکو فەرمانبەر لای ئەو دەستی پێ کرد.....تاڵی پی چەشتم!!!!

بۆیە وێنەکەیم لە بەردەمی خۆم داناوە، تاوەکو بیرم خاتەوە ئەگەر بێتوو تەمەڵی بکەم.....ئەوا دەگەڕێمەوە بۆ لای ئەو بۆ کارکردن!!!

ڕوو بەری ژاپۆن نزیکەی ١٧٪ ڕووبەری شانشینی عەرەبیسعودی یە، و ژمارەی دانیشتوانی ژاپۆن نزیکەی ١٣٠ ملیۆن کەسە، بە چرپەک برەکەی دەگاتە ٣٣٧ کەس بۆ هە کیلۆ مەترێکی چوارگۆشە. و نزیکەی سێ چواریەکی ڕووبەرەکەی دارستانی شاخاوی یە و بۆ کشتوکاڵ ناشێت، بۆیە لە کەنارە ئاوی یەکان دانیشتوان زۆر ترن، لێرەوە ماسی دەبێتە خواردنی سەرەکی لە ژاپۆن. بۆ زانینی ڕادەی گرنگی دانی ژاپۆنی یەکان بە ماسی نزیکەی چل گۆڤاری زانستی ژمیچردراون ( کە زۆربەیان بە زمانی ژاپۆنین) لێکۆڵینەوە دەربارەی ماسی و سامانی ماسی بڵاودەکەنەوە.هیچ زانکۆیەک لە ژاپۆن کۆلیجێک یان بەشێکی تێدا نی یە کە لەو بابەتە نە کۆڵێتەوە. بەڵکو زانکۆیەکی تایبەتمەند هەیە بۆ لێکۆڵینەوەی ماسی. سەرەڕای ئەوانەش چەند لایەنێک هەن کە هاوکاری لێکۆڵینەوەکانی ئەو سامانە دەکەن. هیچ جێگەی سەرسامی نی یە کە ژاپۆنی یەکان نزیکەی لە ١٥٪ سامانی ماسی لە جیهان دا ڕاودەکەن و بە پلەی دووەم دێن دوای چینی یەکان.

لە پێگەی سوپای سەنگافۆری لە تۆڕی ئینتەرنێت ئەم چیرۆکەم دەربارەی ژاپۆنی یەکان و حەزکردنیان لە گۆشتی ماسی تازە



خوێندەوە و پێم خۆش بوو بۆ ئیوەشی بگێرمەوە.

ماوەی دەیان ساڵا بوو ماسی لە کەنارە ئاوی یەکانی ژاپۆن نزیک نەدەبوونەوە. بۆیە ژاپۆنی یەکان هەستان بە چارەسەرکردنی ئەم گیروگرفتە و لە ناوجەرگەی دەریا و ئۆقیانۆس دوور لە کەنارەکان ڕاوە ماسی یان دەکرد.

لەگەڵا ڕۆژگار بەلەمەکانی ڕاوکردن گەورەتر بوون و زیاتر لە کەنارەکان دوور دەکەوتنەوە.بەڵام ئەمە گەیشتنی ماسی یەکان بۆسەر ووشکانی دوادەخات ئەوەش مانای ئەوەیە ماسی یەکە بە تازەیی نامێنێتەوە!

بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە کەشتی یەکان لەگەڵا خۆیان بەفرخەرەوە و سەهۆڵگەیان هەڵدەگرت کە ماسی یەکانیان تێدا دادەنا دەسبەجێ دوای ڕاوکردنیان.ئەمەش بووە هۆی گەورەبوونی قەبارەی کەشتی یەکان بۆیە زیاتر و زیاتر لە کەنارەکان دوور دەکەوتنەوە،بەمەش ماوەی مانەوەی دوور لە کەنارەکان زیاتر بوو.ئاخۆ لەمەدا کێشەیەک هەیە؟

بەڵێ! ئێستاکە ماسی یەکە تازە نی یە! چونکە خراوەتە ناو بەفرخەرەوە و سەهۆڵگەوە،و خەڵکی بە شێوەیەک تەماشای ماسی یەکان دەکەن کە بەستراوە و تازە نی یە! بۆیە نرخی ماسی یەکان دابەزی کە بەم جۆرە ڕاودەکران و دەخرانە سەهۆڵگەوە! کێشەکە لەوەدا چی یە؟ کێشەکە روون و ئاشکرایە ، نرخی کەم دەبێتە هۆی ئەوەی ماسی زیاتر هاوردەی بازاڕ نەکرێت! ئەی چارە چی یە؟

ژاپۆنی یەکان هەردەم چارەسەریان پێ یە! هەستان بە هەڵگرتنی حەوزی گەورەی پڕ ئاو لە ناو کەشتی یەکانی ڕاوکردن،ماسی یەکانیان تێدا دەنا، بە زیندوویی دەمانەوە تا دەگەیشتنە کەنار ئەوسا دەریان دەهێنن بۆ فرۆشتن! بێ گومان ئەمە بیرۆکەیەکی زیرەکانەیە.

بەڵام دوای ئەوە چی ڕووی دا؟بۆیان دەرکەوت کاتێک ماسی یەکان دەگەنە کەنار هەست بە تەمبەڵی و سستی دەکەن! چونکە ماسی یەکان لە ناو حەوزەکە قەرە باڵغیان دروست کردووە و وەکو لە ناو دەریا جم و جۆڵا دەکەن لەوێدا نا جوڵێنەوە بەم شێوەیە! بەم پێ یە تام و چێژی ئەم ماسی یانە جیاواز دەبێت لە تام و چێژی ماسی تازە ڕاو کراو!ئەو ژاپۆنیانە چین؟ ئەوانە هیچ سەرسام نابن و هەروەکو پەندەکە دەڵێت ( دەتوانن لە مانگی ڕەجەب بە ڕۆژووبن) .چۆن ڕاوچیەکان دەتوانن ڕازی یان بکەن؟ ڕێگە چارە هەمیشە لای ژاپۆنی یەکانە.هەستان بە دانانی بەچکەی بچوکی ماسی قرش لە ناو حەوزەکە! بۆ چی؟ بۆ ئەوەی ماسی یەکان لەناو حەوزەکە لە جوڵە نەوەستن و هەردەم لە ماسی یە قرشەکان ڕابکەن.!

پەند و ئامۆژگاری لەم چیرۆکە ئەوەیە ئەو بەرەنگاری یەی ماسی یەکەی تێدا دانرا وای کرد هەمیشە بجوڵێتەوە و بە خێرایی ڕابکات لە پێناو مانەوەی لە ژیاندا!ڕشاوچیەکانیش ئەوەیان دەویست کاتێک دەگەیشتنە کەنار ماسی یەکان تازە و زیندو بن و تام و چێژیان خۆش بێت چونکە بە ڕاستی ئەوانە ماسی تازەن! و بێ گومان قرشەکان هەندی لە ماسی یەکان دەخۆن بەڵام ئەوەی دەخورێ ڕشێژەیەکی کەمە کە شایانی باس نی یە.

ئاخۆ ئەو سستی و تەمبەڵی یەی دووچاری ماسی یەکان بووە لە ناو حەوزەکە دا تووشی ئێمەش بووە، ئێمەی مرۆڤ، کاتێک لەبەردەم بەرەنگاری یەکان دا ناژین؟ و ئایا ئەو بەرەنگاری یانەی رووبە ڕوومان دەبنەوە وامان لێ دەکەن لە کارەکانماندا چالاک بین؟ و ئایا بەرەنگاری یەکان لە چالاکی بەردەوام دەمان هێڵنەوە؟

بی گومان سەرکەوتن لە ژیانی سووک و سانا نایەتەدی کە بەرەنگاری تیا نی یە! با هەموو ئەو شارەزایی و هێز و توانا و سەرچاوانەی خوای گەورە پی ی بە خشیوین بەکاریان بهێنین تاوەکو کارێکی جیاواز بکەین لەوەی سست و تەمبەڵەکان ئەنجامی دەدەن.

با هەر یەکێ لە ئێمە بەچکە ماسی قرش لە دوای خۆی دابنێ.....ئینجا تەماشابکات تا چ ئاستێک بەرەو پێش دەچێت لەم ژیانە دا.....

هەر بۆیە هەڵوێستی قوورس وورە بەرزی پەیدا دەکات

# باوەرت بە تواناکانی خۆت هەبێت



و: ئیمان ناصح

زۆر نیگەران بوو، نەیدەزانی بەچ شێوەیەک چارەسەرێک بۆ کێشەکەی بدۆزێتەوە، ئەو یەکێک بوو لە بازرگانە سەرکەوتووەکان بەڵام ماوەیەک بوو ئیش و کارەکانی بەرەو خراپ بوون دەڕۆشت، چەندین خاوەن قەرز چاوەڕێی وەرگرتنەوەی پارەکانیان لێ دەکرد،زۆر هەوڵی دەدا بەڵام هیچ ڕێگایەکی بۆ دەرباز بوون نەدەدۆزییەوە.

بۆ هەڵمژینی هەوایەکی پاک چووە پارکێک. لەسەر یەکێک لە کورسییەکان دانیشت، سەری خستە نێوان دەستەکانی و بیری دەکردەوە کە چۆن لەو باردۆخە ڕزگاری ببێت.

ڕێک لەو کاتەدا پیاوێکی بەتەمەن لەبەردەمیدا وەستاو پرسی: زۆر نیگەران دیاریت، دیارە کە شتێک هەیە نارەحەتی کردوویت، دەتەوێت لەگەڵ من باسی بکەی؟ لەدوای گوێ گرتنی بۆ کێشەی بازرگانەکە پیاوە بەتەمەنەکە وتی: ‹من دەتوانم یارمەتیت بدەم›

دەفتەری چەکی پارەکەی دەرکردو ناوی بازرگانەکەی پرسی، پاشان چەکێکی بۆ نووسی و بۆی درێژ کرد پێی وت: ئەم پارەیە هی تۆیە، دوای ساڵێک لێرەدا یەک ئەبینینەوەو قەرزەکەت ئەدەیتەوە، دەی بیگرە.

هەروەک چۆن لەپڕ پیاوە بەتەمەنەکە دەرکەوت، هەربەو شێوەیەش لەچاو ون بوو. بازرگانەکە بە سەرسوڕمانەوە سەیری وەرەقەی چەکی پارەکەی کرد: ٥٠٠ هەزار دۆلار نووسراو بوو ئەویش بە ئیمزای جۆن ڕۆک فیللەر، کە دەوڵەمەندترین پیاوی ئەو کاتە بوو.

بیری کردەوە کە ئەم چەکەی جۆن فیللەر دەتوانێ هەموو شتێک چارە بکات و دەست بەجێ هەموو قەرزەکانی بداتەوە، بەڵام نەخێر وازی لە بە پارە کردنی هێناو ئەم چەکە بەنرخەی خستە نێو قابەکەیەوە.

هە بو و نی ئە م چەکە متمانەیەک و گەشبینییەکی نوێی پێ بەخشییەوە دوبارە باوەشی بۆ کارەکانی کردەوە.

دەستی کرد بە هەڵسەنگاندنی کارەکان و پلانی بۆ دانەوەی قەرزەکانی ڕێکخست، بەم شێوەیە توانی دوای چەند مانگێک ئیشەکانی بخاتەوە سەر ڕێگای خۆی.

لەدوای چەند مانگ لە چاودێری کردن و بەدواداچوون بۆی توانی لە تەواوی قەرزەکانی ڕزگاری بێت و دەست بکاتەوە بەئەنجامدانی پرۆژەی تازە.

ڕێک دوای تێپەڕینی ساڵێک بازرگانەکە چەکی پارەکەی لە قا×ەکە دەرکرد و بەرەو پارکەکە بەڕێ کەوت، چەند کاتژمێرێک چاوەڕێی کرد تا بگاتە کاتی یەکتربینینەکەی...تەواو لەکاتی خۆیدا بینی وا پیاوە بەتەمەنەکە بەخێرایی بەرەو ڕووی دێت.

چەکەکەی گرتبوو بەدەستییەوەو باسی چیرۆکی سەرکەوتنی خۆی بۆ پیرەمێردەکە دەگێڕایەوە، لەوکاتەدا پەرستیارێک بەڕاکردن بەرەو ڕوویان دەهات خێرا قۆڵی پیرەمێردەکەی گرت و وتی: ‹›زۆر خۆشحاڵ بووم کە دۆزیمەوە، هیوادارم کە بێزاری نەکردبیت، ئەم پیرە پیاوە بەردەوام لە خانەی پیران ڕادەکات و دێتە ئەم پارکە، بە هەموو کەسیش دەڵێت کە ئەو ‹جۆن ڕۆک فیللە›رە...

لە دوای ئەم قسانەی پەرستیارەکە قۆڵی پیرەمێردەکەی گرت و دوورکەوتنەوە.

پیاوە بازرگانەکە هەروا بەسەر سوڕماوی لە شوێنی خۆی مابووویەوە، چونکە ساڵێکی دوورو درێژ بە پشت بەستن بە ٥٠٠ ملیۆن دۆلار و باوەڕبوونی پێی چەندان ئیشی گرتە دەست، دەیکڕی و دەیفرۆشت.

لەپڕ هەستی بەوە کرد کە پارە نەبووە کە بۆتە هۆی گۆڕانی ڕێڕەوی ژیانی، بەڵکو متمانەی خودی خۆی و باوەڕبوونی بەخۆی بووە.

تێگەشت نهێنی سەرکەوتن ئەوە نییە کەچی لە قاچەکانماندا هەیە بەڵکو ئەوە گرنگە کە چی لە مێشک و دڵماندایە...

# ژیان وا فێری کردم

ژیان وا فێری کردم
ئەو کەسە مەردە کە لەگەڵ خەڵکی ڕووخۆش و میهرەبانە ، ئەوەش کەڵە پیاوە کە لەگەڵ ماڵ و منداڵی خۆی باش و میهرەبانە!

ژیان وا فێری کردم
تەنانەت ئەو کارانەی کە زۆریش لێیان دڵنیایت ، هەر پێویستە ڕاوێژی تیادا بە کەسانی شارەزا بکەیت ، چونکە ڕاوێژکردن ، دەرهێنەرەکانی پشت پەردەت پێدەناسێنێت!

ژیان وا فێری کردم
زستانێک بە سەرما و سۆڵەیەکی زۆرەوە ، بەهارێکی جوان دروست دەکات ، کارکردنێکیش بە کۆڵنەدان و ئازارێکی زۆرەوە ، داهاتوویەکی جوان بنیات دەنێت.

ژیان وا فێری کردم
بە دڵی ژیانی سەر زەوی مەژێ ، با ژیانی ژێر زەوی بەدڵی تۆ بێت.

ژیان وا فێری کردم
پرسیاری شتێک مەکە کە پەیوەندی بەتۆوە نی یە ، وەڵامی پرسیارێکیش مەدەرەوە کە لە تۆ نەکراوە!

ژیان وا فێری کردم
مامۆستای باش دەیەوێ ئەوەندە دەرس بە قوتابی یەکەی بڵێ کە دەرەجەی تەواو بهێنێت ، ئوستازی باشتر دەیەوێ ئەوەندە دەرس بە قوتابی یەکەی بڵێ کە لەخۆی زیرەکتر بێت.

ژیان وا فێری کردم
بەکارهێنانی ئەقڵ بەبێ دڵ ، زۆر جار سوودەکەی تەنها بۆ خاوەنەکەیەتی.. بەکارهێنانی دڵ بە ئەقڵەوە ، هەموو جار سوودی بۆ هەموان دەبێت.

ژیان وا فێری کردم
پیرەکان پێویستیان بە گرنگی پێدان و نەرم و نیانی دەورووبەرەکەیانە ، دەورووبەرەکانیشیان بۆ زانینی نرخی تەواوی گرنگی پێدان و نەرم و نیانی ، پێویستیان بە پیربوونە!

ژیان وا فێری کردم
زۆرلە مرۆڤەکان ، کاتێک یەکێکیان زۆر خۆش ئەوێ ، هەموو شتێ دەکەنە قوربانی ئەو! کاتێکیش ڕقیان لەیەکێک دەبێ ، دەیکەنە قوربانی هەموو شتێ!

ژیان وا فێری کردم
مرۆڤی بێ دڵ بەرەو پووکانەوەیە.. دڵی بێ هەست و خۆشەویستی تریەی زیادەیە.. هەستی بێ دەربڕین و ، خۆشەویستی بێ دڵسۆزی و ڕاستگۆیی یاری کردنە.. دڵسۆزی بێ بەردەوامی کرداری بێ نییەتی یە.. بۆیە مرۆڤی بێ دڵ خانووی بێ ماڵە!

ژیان وا فێری کردم
گوفار و بڵاوکراوەی چاک هێندە کەم بوونە ، لەنێو فیسارەکانی تر وونن ، هاوشێوەی ئەمە ، مرۆڤ و هاورێی چاک هێندە کەم بوونە ، لەنێو دەورووبەرماندا وونن!

ژیان وا فێری کردم
زۆر جار ، زۆر دەربڕینی خۆشەویستی دەبێتە هۆی باوەڕپێنەکردن لەلایەن بەرامبەرەوە ، دەرنەبڕینیشی مانای بێهەست و سۆزی دەگەیەنێت ، بۆیە پێویستە لەپێناو ئەوەی پەیڤەکانی خۆشەویستی مانا و نرخی خۆیان لەدەست نەدەن ، لەشوێنی خۆیان بەکاربهێنرێن.

ژیان وا فێری کردم
ئەوەی لە مانای ڕاستەقینەی عەشق تێبگات ، دەشتوانێ ببێتە مەعشوق!



نووسینی: رابەر ئەحمەد وەرتی

چیرۆک

# بەهرەیەکی



و.بەدەستکاریەوە ئیبراهیم برهان

دەگێرنەوە پیاوێکی کەشخەو زۆر رێک وجوان لەسیمادا، هەمووان شایەتی بەسەلەقەیی وناسکی و نەرمی ئەوبوون لەمامەڵەکردندا.
رۆژێکیان لەبەردەم دوکانی سەوزە فرۆشێکی نزیک ماڵەکەی خۆیان وەستا، بۆئەوەی هەندێک سەوزە بکرێت، سەوزە فرۆشە بەتەمەنەکە هەرچی گەنجەکە داوای کرد پێیدا، ئەویش بەهای سەوزەکەی پێدا، کەبری بیست دۆلار بوو، سەوزە فرۆشیش لەوکاتەی کە پارەکەی دەخاتە ناوکیسەکەوە، لەکاتی وەرگرتنی پارەکەدا تێبینی شتێکی کرد !!
هەرجارێک دەستی تەری خۆی بۆ کیسەکەی دەبات تاوەکو هوردە بۆکریارەکانی دەربهێنێت، دەیبینی شوێنی مەرەکەبی ئەوپارەیە لەسەر دەستی دەردەچێت، بۆجاری دووەم سەیری کرد بینی بری ئەم بیست دۆلارە کەئەم گەنجە پۆشتەو پەرداخە بۆی جێی هێشتووە ساختەیە، بینی لەوشوێنەی دەستی کەوا تەڕە، هەندێک مەرەکەب دەرچووە، هاوکات هەندێک لەووردەکاری ناواخنی ناو پارەکەی سریوەتەوە ، بۆیە کەوتە گومان و دوودڵی لەڕاستی دروستی ئەم پارەیە .
لەخەیالی خۆیدا باوەری نەدەکرد کەسێکی ئاوا رێک وپێک ئەو کارەی لەگەڵدا بکات، هیچ شتی واناچێتە عەقلەوە رێی تێناچێت گەنجێکی وا بەرێز پارەیەکی ساختەی بداتێ؟!!! ئەم برە پارەیەش لەوکاتەدا پارەیەکی ئەوەندە کەم نەبووە !! هەوڵی دا ئەم خەیاڵە لەمێشکی خۆیدا بباتە دەرەوە، بەلام دوای ئەوەی تەواو دڵنیابوو کە ئەم پارەیە ساختەیە، تەواو پەشۆ کاوبوو، نەیدەتوانی لە مێشک وهزریدا ئەم کارە قەبوڵ بکات، بۆیە بۆ زیاتر دڵنیابونی بێ سێی ودوو ڕووی کردە نزیک ترین بنکەی پۆلیس، یەکێ لەئەفسەرەکان کاتێ بەحەپەساوی سەیری پارە ساختەکەی کرد وتی: ئەگەر ئەم پارەیە ساختەبێ ئەم پیاوە بەڕاستی شیاوی ئەوپەری پاداشت و رێزلێنانە، بەهۆی تواناو لێهاتوییەکەی، بەهۆی داهێنەرایەتیەکەی.!
بە پاڵنەری فزولی بەرامبەر ئەم گەنجە کە تێکەل بوو بەهەستکردن بەگیانی بەرپرسیارێتی، لەلای خۆیەوە بڕیارێکی دەرکرد بەپشکنینی ماڵی ئەم گەنجە، لەکاتی گەرانیان لەکون وقوژبنی ماڵی گەنجەکەدا، بەڵێ بەڕاستی بینیان حەشارگەیەکی لێیە و کەل وپەلی دروستکردنی پارەی ساختەی لێیە، وە سێ تابلۆی هاوشێوەی ئەوپارەی لێیە، کە وەکو خۆی دروستی کردووە، تەنانەت واژووەکەشی وەکووخۆی دروست کردوە، وەک بلێی تەواو لەبەری گرتۆتەوە، ئەم گەنجە بەڕاستی هونەرمەندێکی لێهاتووی تەواوە، داهێنەرو بەهرەدارە، بری ئەم بیست دۆلارەی بەدەستی خۆی دروستکردوە، ئەگەر دەستی تەری سەوزە فرۆشەکە نەبوایە هیچ کەس نەیدەتوانی گومان بخاتە سەرپارەکە .
خوێنەری خۆشەویست چیرۆکی ئەم گەنجە بەوەندە کۆتایی نەهات، بەڵکو پۆلیس بریاری دا دەست بەسەر هەموو ئەم تابلۆیانەدا بگرێت، وە لەبازارێکی ئاشکرادا بیفرۆشێت، لەڕاستیدا بەگوژمەی (١٦٠٠٠) دۆلار فرۆشرا، لەوکاتەدا گەنجەکە نزیک بوو لەهۆش خۆی بچێت، دڵی لەخۆی

# ونبوو



ببێتەوە. ئەگەر دیقەت بدەین ، دروست کردنی هەر وێنەیەک لەم وێنانە هەمان ئەوکاتە دەخایەنێت کە کەلەدروستکردنی وەرەقەیەکی بیست دۆلاری بەسەری دەبات، دەیتوانی بەو بەهرە جوانەی خۆی لەبری دروستکردنی بیست دۆلارێک، تابلۆیەک دروست بکات و بەم برە پارەیە بیفرۆشێت.

ئەم گەنجە بەراستی بەهرەدارە شیاوی ئەوەیە ئاماژەی پێبکرێ، بەلام ئەم هەموو بەهرەیەی خۆی بە هەدەردا، شتێکی گران بەهای بەپارەیەکی کەم فرۆشت، شتێکی گران بەهای بە پارەیەکی زۆر کەم گۆڕیەوە. ئەوبەهرەیەی خۆی کەنرخی ١٦٠٠٠ دۆلاربوو بەبیست دۆلاری دەفرۆشت،

بۆیە کاتێ قازی لەڕۆژی دادگایکردنیدا، دەربارەی تاوانەکەی پرسیاری لێکرا ووتی: من شیاوی ئەوەم کەبەسەرم هاتووە من شیاوی زۆر لەوە خراترم ، لەبەرئەوەی زۆر بەسوک وسانایی دزیم لەخۆم کرد بەرلەوەی لەهەرکەسێکی تری بکەم .

ئەم چیرۆکە چ پەیامێکمان پێدەدا ؟!!

ئەم چیرۆکە ئەوەمان فێردەکات هەڵوەستەیەک بکەین، بیربکەینەوە و بەخۆمان بێینەوە و پەند وەربگرین ، چەند بەهرەیەک هەیە خوای پەروەردیگار بەهەندێک لەبەندەکانی خۆی دەبەخشێ ، بەڵام بەبێ سوود وەرگرتن وونی دەکەین .

کەسی وامان تێدایە زەمەنێک دەژیێ بەبێ ئەوەی ئاوڕ لەبەهرەکانیان بدەنەوە، فێڵ لەخۆیان دەکەن و تەمەنی خۆیان بەفیرۆ دەدەن تواناو خەون و ئاواتەکانیان لەباردەبەن، زیاتر لەوەی دوژمنێکی گەورەو سەرسەخت بەسەریان بێنی، دزیماڵی خۆیانن.. دزی تواناکانی خۆیانن، لەبەرامبەردا کەسانێکی تریش هەن بەبەهرەو تواناکانی خۆیان دەزانن، بەڵام لای خەڵک بەکەم سەیر دەکرێن، کەسانێکیش هەن ئەم بەهرەیە لەخراپە بەکاری دەهێنێ ، هۆکاری هەموو ئەمانەش نەبوونی بەرچاو ڕوونیە بەرامبەر بەخودی خۆمان ، لەدەستدانی بەرچاوڕوونی واتە بە هەدەردانی ئەم وزەو توانایەی کەخوای گەورە بەئێمەی بەخشیوە، بەڵایەکی گەورەیە، کارەساتە کە مرۆڤێک دوای ئەو هەموو ڕێزو گەورەییەی کەخوای گەورە پێی داوە، بەتواناکانی خۆی نەزانێ بەهەقیقەت شایەنی ئەوەیە پرسەی بۆدابنێین، (سنکا) نوسەرو فەیلەسوفی ڕۆمی دەڵێ: باوەربەخۆنەبوون بەهۆی کێشەکانەوە دروست نابێت، بەڵکو کێشەکان بەهۆی باوەڕبەخۆنەبونەوە دروست دەبێ.

خوێنەری خۆشەویست ئێمە هەموومان ئەو تواناو بەهرەمان هەیە، بەڵام پێویستی بەوەیە پەرەی پێبدەین، پارێزگاری لێبکەین، پەروەدەی بکەین.

مەردی خوداش ئەوکەسەیە کەبەئاگا بێ بەر لەوەی کار لەکار بترازێ.

.

سەرچاوە : ئینتەرنێت

http://muntada.islamtoday.net/ html.t٧٤٤٣١



# چیرۆکی بەخشین

وەرگێڕانی : سەلمان کانبی

دەگێڕنەوە کە دوو برا لە کێڵگەیەکدا دەژیان و بەیەکەوە کاریان دەکرد، یەکێکیان خێزاندار بوو خیزانێکی گەورەی هەبوو، بەڵام ئەوەی تریان خێزاندار نەبوو بە تەنیا دەژیا، بەرهەم و قازانجیان بەیەکسانی دابەش دەکرد، ڕۆژێک لە ڕۆژان برا بێژنەکە بە خۆی وت: من و براکەم گەر بەروبووم و قازانج بە یەکسانی دابەش بکەین ئەوە دادپەروەرانە نیە، من بەتەنیام و پێداویستیەکانم سادەن بەڵام براکەم خێزاندارە پێداویستیەکانی زیاترن، بۆیە هەموو شەوێک فەردەیەکی لە بەروبومەکەی پڕ دەکردوو دەیبردە ناو مەخزەنی براکەی بەتاڵی دەکرد. لەو کاتەدا برا خێزاندارەکە بە خۆی وت: ئەوە دادپەروەرانە نیە کە ئێمە بەروبوم و قازانج بە یەکسانی دابەش بکەین من خێزاندارم و ژن و منداڵم هەیە لە داهاتوودا چاودێریم دەکەن بەڵام براکەم بەتەنیایە و هیچ کەسێک گرنگی نادات بە داهاتوی لەسەرئەوە بڕیاری دا کە هەموو شەوێک فەردەیەک لە بەروبومەکەی پڕ بکات و لە مەخزەنی براکەی بەتاڵی بکاتەوە. هەردوو براکان لەسەر ئەو حاڵەتە بەردەوام بوون بۆ ماوەیەکی درێژ لەبەرئەوەی بەروبومی هیچ یەکێکیان لێی کەم نەدەبویەوە. لە شەوێکی تاریکدا هەریەکەیان هەستان بە کارەکەیان، لە ناکاو ئەوەی کە ڕووی دەدا لە نێوانیان ئاشکرا بوو بۆیە هەردوکیان فەردەکەیان داناو یەکتریان لە باوەش گرت. بەخشین: ئەوەیە کە لە ژیاندا وەکو شوشەی عەتر وابیت ئەوەی کە لە ناختدایە پێشکەش بە وانی تری بکەیت، ئەگەر بەتاڵیش بوویت ئەوا بە بۆن خۆشی دەمێنیتەوە.



# هەستی دایکایەتی

ئامادەکردنی سەرمەند حسین

وەک هەموان ئەویش دڵی بەهاتنی زستان زۆر خۆش بوو لەگەل هاتنە خوارەوەی بەفرە و بەردەوامی دابارینی کولوەکانی ئەویش شادیەکانی دەخستە ڕوو ،بەڵام ئەم خۆشیەکانی ئاوێتەی خەمێکیش بوو کەبەردەوام لەگەڵ خۆشیەکانی لەسینەیدا بەسۆزەدکەیدا ساتەخۆشیەکانی کاڵ دەکردەوە . بەڵێ ئەوەی لێی دەدوێم دایکە لەگەڵ دنیایەک لەهەستە ناوازەکانی دایکایەتی ،گەر بۆهەرشتێک چەندان پەیڤت هەبێت تا بەخامەی دەستت لێی بدوێی ئەوە بێگومان بۆدایک زیاترت پێیە،،

ئەم دایکە خاوەن سۆزە ژمارەیەک کوڕ و کچی هەبوو بەڵام ئاخر کچ و کوڕ ی خێزانەکەی هێشتا لەقۆناغەکانی خوێندن بەردەوامبوون و مابویان بەهیوای خۆیان بگەن و خوێندن بکەنە یەکێکی تر لەپلیکانەکانی سەرکەوتن و گەشتن بەئاواتەکانیان ،دایکە کە لەگەڵ هاتنی وەرزی زستان و بارینی بەفردا خوای بەمیهر خەڵاتێکی تایبەتی بەیەکێک لەکچەکانی بەخشی کەچەند ساڵێک بوو لەو بەخششە خواییە دوور بوون بەڵام هیوا بڕاو نەبوون و هەمیشە لەدەرگای خالقیان دەدا تا خواش لوتفی لەگەڵ کردن و کۆرپەیەکی جوانی پێدان ، دایکەکە دوای چەند ڕۆژ لەهاتنە دنیای چوو بۆماڵی کچەکەی بەمەبەستی بەژداربوون لەمەراسیمی ناونانی کچەزاکەی تائیتر ئەم نازدارە ببێتە خاوەنی ناو ناسنامەی خۆی، ئەوڕۆژەی چوو بۆلای کچەکەی سەرمایەکی زۆر و بێ وینەبوو لەگەڵ بەفرێکی پڕلەپەیامی خوایی لە پاکی و جوانی و ئارامی کەماوەیەکی زۆر بوو شارەکەی ئەمی نەگرتبۆوە هەرچۆن بیت بەڕێکەوت بەهیوای بەسەرکردنەوەی ڕۆڵەکانی ،وردە وردە ئەم شەپۆلی بەفرە زیادی دەکرد و دایکە میهرەبانەکەش گەشتە ئەو شارەی کە کچەکەی لێی نیشتەجێ بوو ،بەڵام لەگەڵ دەربڕینی خۆشەیەکانی بەشاد بوونەوەی بەئازیزانی خەمی کچە قوتابیەکەی تەنگی پیهەڵچنی کەئەم لەدوریەتی و ئاگای لێی نیە کە چۆن ساتەکانی دەگوزەرێنێت ئیترتێپەڕینی کات و بێ هەواڵی کچەکەی بووە دێوەزمەیەک و کاری تێکرد و نەیتوانی چیدی هەستەکانی بشارێتەوە و دەستی دایە مۆبایلەکەی و بەکچەکەی ڕاگەیان کەتێلێک بۆکچە قوتابیەکەی بکات تالەهەواڵی بپرسێت و بزانێ کەچی بەسەر هاتووە لەو بەفرە زۆرەی شاری داگرتووە؟ ئایا ئەو سەیارەی هاتوچۆیان پێدەکات گەشتۆتە لایان تابیان باتەوە؟ بەڵام کاتێک دەبیستێت لەکچەکەی کە لەبەفردا گیری خواردووە و هاتنی سەیارەیەکیش لەئارادا نیە تابیان گەیەنێتەوە ماڵ ! ئیتر وەک سروشتی هەر دایکێک وەک ئەوەی بەشێک لەجەستەی دیار نیە ئارامی لێهەڵگیرا و نەیتوانی خەمی کچەکەی بخاتە لاوە و بێ ئۆقرەیی باڵی کێشا بەسەر تەواوی کیانیدا و مۆڵەتی لەهەموان خواست کەدەیەوێت بگەڕێتەوە بۆ ماڵ و بچێ بەدەم کچەکەیەوە و پێی بگاتەوە تا لەو حاڵەی کەتێی دایە نەجاتی بدات ، ئیتر بەرێکەوت لەگەڵ ئەوەی ریگاش زۆر لەبار نەبوو بەهۆی کەش و هەوای سارد و بەفراوی ، لەڕێگادا شڵەژاوی لەقسەکانیدا بەدی دەکرا لەتاو دووری و بارودۆخی نائارامی کچەکەی ،زوو زوو پەیوەندی پێوە دەکرد و دەی پرسی ئیستا چی دەکەی؟

لەنیوەی ڕێ بوون زەنگی مۆبایلەکەی لێیدا بەخێرایی جوابی دایەوە دایکی هاوڕێی کچەکەی بوو تادڵنیایی بکاتەوە کەهاوسەرەکەی چووە بەشوێنیانا و پشت بەخودا بەسەلامەت دەیان گەینێتەوە ماڵ بی خەم بێت لەکچەکەی وردە وردە ڕێیان دەکرد دیسان تێلی کچەکەی بۆهات کەلەگەڵ هاوڕێکەی لەسەیارەی باوکی هاوڕێکەیدایە تائەویش پەیامی هێمن بوونەوە بەدایکی بدات و چیتر لەخەمیدا نەبێت ·

دوایی ئەم پەیوەندیە ڕووی دایکەکە گەشایەوەو خۆشی و شادی داپۆشی دیسان جار جار هەڵەی دەکرد و شڵەژاو بوو بەڵام ئەمجارە جیاواز لەپێشوو ئەمجارە هەستی خۆشی و خۆشحاڵی کاری کردۆتەسەری هەستێک کەناتوانرێت پێناسە بکرێت و دەربېڕدرێت ..

بەڵی لێرەوە تێدەگەین هەستی دایک جیاوازە لەهەموو هەستەکانی تر،گەورەیی دایک بێ وینەو جیاوازە لەهەموو گەورەکانی تر کاتێک دڵخۆش دەبێت هەموو واتاکانی شادی تیا بەرجەستە دەبێت و وەبەپێچەوانەشەوە ئەوساتەی غەمگین و نیگەرانە ئیتر هیچ بۆشاییەک نییە بۆدەربڕینی شادیەکان...

# کۆچی خۆشەویستان




بەرژەوەندی هاوبەشی هەرتاکێک لە کۆمەڵگادا تاکەکانی بەیەکەوە بەستۆتەوە، بەجۆرێک ژیان بی یەکتر نەگونجاوە، مرۆڤەکان بە جۆرێک ئالودەی یەکتر دەبن کە لە شێوازی سیستەمێکی رێکخراودایە، دەکری خێزان بکەینە نمونەی ئەم شێوازە. خێزان گەرچی دەرهاوێشتەی بەرژەوەندی تاک و کۆمەڵگایە، بەڵام لەسەرو ئەم بەرژەوەندیەشەوە شتێک دەیانبەستێتەوە بەیەکدیەوە، ئەویش خۆشەویستیە، دەکری بەدەر لە بەرژەوەندی ماددی و پێویستی، گەورەیی رۆح ببێتە رێرەوێکی تری مامەلە، ئالودە بوونی تاکەکانی ناو خێزانێکی رێکخراو بە جۆرێکە ئازار کێشانی هەریەکەیان دەبێتە ئازاری هەموو ئەوانی دیکە، چ جای بگاتە ئەوەی ببێتە کۆچی یەکێکیان، ئاخر لە خێزاندا دنیایەکی پر لە رازو گوداز نمایشدەکرێت، ژیانێک کە پێکەوە جوانە و بێ یەکدی ئەستەم، ژیانێک کە هەموان پێکەوە رێگەی ناخۆشی تەی دەکەن و نارەحەتیەکان دەبەزێنن، کانگای خۆشەویستیشی پێ بەدی دێنن، دەی کاتێک تاکەکانی ناو خێزانێک ئاوا ئالودەی خۆشەویستی یەکدی بن، بە کۆچی هەریەکەیان ماتەمینی راناگەیەنن؟؟ دەڵین کاتێک پیغەمبەری خوا علیه الصلاه و السلام یەکێک لە خۆشەویستانی کۆچ دەکات ناوی ئەو سالە دەنێت (سالی ماتەمینی)، رەنگە پێت سەیر بێت پێغەمبەرو سەرکردەیەکی ئاوها سالێک بەناوی خێزانەکەیەوە ناو بنێت!! لە گێرانەوەیەکدا دەفەرموێت: لەکاتێکدا کە خەڵک باوەری پێنەدەکردم ئەو باوەری پێهێنام، کاتێک خەلکی بەدرۆیان دەخستمەوە ئەو متمانەی پێدەبەخشیم، کاتێک خەلک لەیارمەتی خۆی بێبەشیان کردم ئەو کردمیە هاوبەشی سامانەکەی خۆی، خوای مەزنیش منداله‌کانی ئەوی بۆ هێشتمەوەو، لە غەیری ئەو نەیهێشتەوە. ئەمە باسی خۆشەویستیە کە لە خێزانێکدا بەرجەستە بووە، دەکری ئەمە بۆ هەرکەسێکی دیکەش راست بێت، ئاخر رۆشتنی ئاوها کەسێک یان ئاوها خۆشەویستێک زامێکی سەختەو درەنگ سارێژ دەبێت!! مەحوی زۆر جوان دەڵێت :
ئەم گلاراوەی لە عیشقە تا قیامەت هەر دەبێ سەد مەسیحا چاری ناکا
دەردی بێدەرمانە رۆژ دواجار ژیانی ئەم خێزانە بەردەوامە و ئەمانەتی درێژەدان بەژیان و گەیشتن بە ئامانج لە ئەستۆیاندایە، بەیادی خۆشەویستێک کە بۆ هەمیشە لە دڵیاندایە.

# سارێژی ناخت بکە

نوسینی: بروا وریا بایز
ڕاهێنەری گەشەپێدانی مرۆیی



تۆپشکۆتی گوڵی نێو گوڵدانی هەزارەها خانەی ، ژیانی نوێت دەستی پێکرد ، ئاورینگی ناختی ژیاندەوە ! مرۆڤەکان هەموو کاتێک دڵخۆشن کە خۆیان بیانەوێت بۆئەوەی سەرکەوتووانە لە ژیان بروانن هەمیشە وا دەکەن مرۆڤێکی ئارام ، هێمن ، لەسەرخۆ و بەتوانا رەوتی ژیانیانیان بەرێ بکەن ئەوەی هەیانەو نیانە لە پێناو گەیشتن بە ئاسودەی سەرفی دەکەن چونکم ئەوان چاک دەزان و بیریان کردۆتەوە کە گەیشتن بە سەرکەوتن و خۆشگوزرانی ناخ واتە سەرکەوتن بەسەر پلیکانی ژیان ، ئێستا تۆ خۆت بخەرە شوێنی ئەو کەسەی کە دەیەوێت ئاسودەی ناخی زامن بێت و سەرکەوتوو بێت ، مرۆڤە بەهێزو بەتواناکان ئەوانن کە دوای هەر گرفتێک ناخیان سارێژ دەکەن ئەوانەی کە سەرمەشقی رێن ، ئەوانەی کە زۆر بیریان لای سبینێ نیە بەلکو لە  خەمی ژیانی ئێستان بەو مانایەی کە خەمی بۆناخۆن چی دەبێت و چی نابێت و چی روودەات و چی بەسەریان دێت بەلکو ئەوان پلانی خۆیان بۆ سبینێ بە جوانترین شێوە دادەرێژن و دەیانەوێت هەنگاوی سبینێ گورجو گۆڵ و چاڵاک بێت ، ئەوان سارێژکەری ناخەبریندارەکان و لابری ئەسرینەکانن ، هەر بۆخۆیان ناژین بەلکو بۆ هەمووان و لەخەمی هەمووان دان ئەوان ئاوێتەی رووحی مرۆڤناسی و ژیان ناسین ، ئەوان وا سارێژی ناخەکان دەکەن کە مرۆڤێکی نوێ ژینێکی نوێ دەهێنەوە نێو جاویدانی ژیان ، بەسەرکەوتنەکان خۆشحالن و بە کەوتنەکانیش لە بیرکردنەوەدان بۆ سەرکەوتن ئەمان نموونەی هێزی خۆشگوزەرانی کۆمەلگایەکن کە ساتەکان لای ئەوان بەهای خۆی هەیە هەرگیز هێزی ژیان لە ناخیان دا نامرێت ئێستا تۆ دەتەوێت لەوان بیت ؟ پێویستە دەست پێبکەیت و بەناوی خوا کاروانی رێ بگریتە بەر بۆ سارێژی ناخی دڵە مردووەکان و زیندووکردنەوەیان ، کەوایە کاروانی خۆشحالکردنی مرۆڤەکان چاوەرێتە و دەست پێبکە .....



# بەپارە دانوستان لەگەڵ جگەرگۆشەکەتدا مەکە

سەرنووسەر

زۆرێک لە دایبابەکان بۆرازی کردن و دڵنەوایی کردنی منداڵەکانیان بۆ ئەوەی ئەرک و کارەکانیان ئەنجام بدەن، یان منداڵەکانیان بپارێزن و دووریان خەنەوە لە رەفتارو هەڵسوکەوتێکی خراپ و نەشیاو، دانوستان لەگەڵ منداڵەکانیان دەکەن و بە پارەوپول رازیان دەکەن.

ئەم شێوازە لە هەڵسوکەوت و مامەڵەیەدا لەڕووی ئابوری و پەروەردەییەوە کارێکی هەڵەو نەشیاوە و دەرەنجامی نەرێنی زۆر زیاترە لەبەر چەندین هۆکار لەوانە:

١_ با منداڵان فێرکرێن کارەکان لەبەرگرنگی و پێویستیان ئەنجام بدەن.

خاوێنکردنەوەی ژوورەکان ، نوێژکردن لەکاتی خۆیدا، جێبەجێکردنی ئەرکی قوتابخانە ، هەموویان کاری گرنگ و پێویستن لە بونیادنانی کەسایەتی و ئایندەی منداڵدا.

بۆیە منداڵ پێویستی بەهاندانی مەعنەوی و پێشەنگی چاکە بۆ راپەڕاندنی ئەرکەکانی ، نەک هەر بە هاندانی دارایی و بەخشینەوەی پارەو پول ، چونکە ئەوکات منداڵ هەرکات پارەی پێنەدرا لە لەڕایی کردنی ئەرکەکانیدا ساردوسڕ دەبێت و فەرامۆشی دەکات.

٢_ پەنا بردن بۆ فروفێڵ

پارەپێدان وادەکات منداڵ پەنا بۆ فروفێڵ و ساختەو درۆبەرێت لە گەڵ دایک و باوکیدا بەمەبەستی بەدەستهێنانی پارەوسامانی زیاتر.منداڵ وادەکات دەڵێت ماندوم و بێتاقەتم و کاتم نیە ....... بیانوو دەهێنێتەوە و ئەمەش وادەکات دایک و باوک ناچاربێت پارەی زیاتر بەمنداڵەکەی بدات، بۆ ئەوەی ئەرکەکانی جێبەجێ بکات.

٣_ چاندنی چەمکی دارایی هەڵە لەناخی منداڵدا

منداڵ وا رادێت و پەروەردە دەبێت لەسەر بنەمای (هەرکات ئەرکو کارەکانی سەرشانم ئەنجامدا برێک پارەم دەست دەکەوێت ) بەمە گیانی هاوکاری و یارمەتیدان و بەدەمەچوونی خەڵکی لا نامێنێت.

٤_ راگرتنی هاوکاری دارایی کارێکە ئەستەمە.

گەر منداڵ رابێنی لەسەر پارەپێدان ئەوا پارە لێبڕینی کارێکی ئەستەمو گرانە ، چونکە ئەو چاوەڕوانی پارەدەکات بۆ هەرکاروچالاکیەک کە ئەنجامی دەدات.

٥_ پێویست منداڵ فێربکرێت ئەرکەکانی خۆی ئەنجام بدات و هەستکردن بەبەرپرسیارێتی لا دروست بێت ، لە ڕوانگەی پێویستی و رێزو خۆشەویستی بۆ دایبابی و گوێڕایەڵیکردنی ئامۆژگاری و ئاراستە کانیان کارەکانی بکات ، نەک وابەستە بوون بە پارەو سامانەوە .

دایبابی بەرێز گەر نەتتوانی ئەم پەیام و بیرۆکانە لەقۆناغی منداڵیدا بەنەوەکانت بگەیەنیت ، ئەی چی دەکەیت کاتێک گەورە دەبن وئەوکات وتەو ئامۆژگاریەکان رۆڵیان لاواز دەبێت و کاریگەریەکانیان لە دەست دەدەن.

# تۆڕی ئایە بۆ پەروەردە و گەشەپێدان

## (پەروەردە ، گەشەپێدان ، یەکڕیزی)

AYA

## تۆڕی ئایە بۆیەروەدە وگەشە پێدان

## شبکة آیة للتربیة والتنمیة





هەرێمی کوردستان / عێراق
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
سەرۆکایەتی دیوان

اقلیم كوردستان/ العراق
رئاسة مجلس الوزراء
رئاسة الدیوان

فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان
Department of NGOs
دائرة المنظمات غیر الحكومیة

ژمارە: ١٨٥٨- ت

بەروار: ٢٣ / ٤ / ٢٠١٤

بەڵگەنامەی تۆمار

لەژێر ڕۆشنایی هەردوو ماددەی (٤ و ١٠) لە یاسایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١١، تایبەت بەڕێکخراوە ناحکومییەکان لەهەرێمی کوردستان، بەبوونی مەرجە یاساییەکان لەداواکاری تۆمارکردن، بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە بڕیارماندا بە تۆمارکردنی (تۆڕی ئایە بۆ پەروەردە و گەشەپێدان/ANED)

فازڵ عومەر ڕەشید

www.krgngo.org


AYA.ANED
07480230485
aya.org1@gmail.com
ناونیشان - سلێمانی سەرووی فولکەی کانێسکان